لەسەر ئەرکی بنکەی هەنگاو بۆبڵاوکردنەوەی رۆشنبیری کوردی
لە چاپ دراوە

نازم حیکمەت

# کەللەسەر




کارەساتێکە
لە سێ بەشدا

وەرگێڕانی
سەلاح رێبوار

چاپی یەکەم ١٩٨٦

لەسەر ئەرکی بنکەی هەنگاو بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری کوردی
لە چاپ دراوە

---

نازم حیکمەت

# کەللەسەر

کارەساتێکە لە سێ بەشدا

وەرگێڕانی
سەلاح ڕێبوار

چاپی یەکەم
١٩٨٦

شانۆگەری : کەللەسەر
نووسینی : نازم حیکمەت
وەرگیرانی:سەلاح رێبوار
بنکەی هەنگاو بۆبلاوکردنەوەی رۆشنبیری کوردی
لە چاپی داوە
چاپی یەکەم ١٩٨٦

پێشکەشە

بەشەهیدی ڕێگەی ئازادی کوردستان

حەوێز ابراهیم ( کەوباز )

# پێشەکی

جاری یەکەم هەمان دارشتنی شانوگەری (کەللە سەر) م نوسیوەوە بە ناوی (میتلا) (گەسك) بەلام پیشان نەدرا ، تا تێکستەکەم لەدەست چوو ، ئینجا لە تورکیا شێوەی دووەمم نووسیەوە .

ــ بابەتی شانۆگەریەکە ــ

مامۆستایەکی زانکۆی زۆر هەژار (پرۆفیسۆر) بە ناوی دالبانیزۆ لە وولاتێکدا بە ناوی دۆلاریان ، دەرمانی سیل ئەدۆزێتەوە ، دەسگای ترۆست بۆ چارەسەرکردنی سیل لەگەڵ بیستنی ئەم دەنگوباسە توشی (صدمە) دەبێ ، بۆ ئەمەش بە پەلە ئەم پێشنیارەی پێشکەش مامۆستای زانکۆ کرد :ــ ئێمە ئامادەین دارایی و ئازمونگای پێویست بۆ دەرمانەکەتان دابین بکەین ، بەمەرجێ ئێوە بۆ ماوەیەکی دیاری کراو سەرپەرشتی رەشەولاخەکانمان بکەن و دەرمانەکەتان بەجێ بێلن ، لە سەرەتاوە مامۆستای زانکۆ پێشنیارەکە رەت دەکاتەوە بەلام دوایی ناچار دەبێ ملی بۆ کەچ کات ، لەگەڵ کچەکەی کە تووشی سیل بووە دەچێتە ئازمونگایەك بۆ چارە سەرکردنی رەشەوولاخەکان ، لەگەڵ ئەوەشا ناتوانی تاکۆتایی ئەو ماوەیەی لە پەیماننامەکە دا نووسراوە چاوەڕوان بکات ، چونکە دەیەوێ ، دەرمانەکە ئامادەبکات بۆ رزگار- کردنی کچەکەی ، بۆیە بەدزیەوە خەریکی ئامادەکردنی دەرمانەکە دەبێ ، پێش ئەوەی بیداتە کچەکەی ئاشکرادەبێ ، بە تاوانی سەرپێچی کردنی لە پەیمان و نەتوانینی دانەوەی ئەوپارەیەی لە سەری بۆتە ماڵ ، دەیبەن بۆ بەندیخانە ، دوای ئەوەی لە بەندیخانە دەردەچێ دەبێتە یەکێك لەوانەی لە سێرك پیشان دەدرێن ، وەلەوی دەمرێ ، تا بگرە کەللە سەرەکەشی لە کۆگای تەرمان دەفرۆشرێ .

بەلام تێزە سەرەکیەکەی یەکێکە لە دەستورەکانی مارکسیزم :ـ کە سەرمایەداری لە پەرە سەندنی دەگاتە قوناغێك تیایدا نەرێتە مەعنەویەکانی خۆی دەگۆڕی ، سەرەڕای زۆر شتی ماددی ، بە کەرەستەی مەزات کراو بۆ کڕین و فرۆشتن .

نازم حیکمەت

## بـەشـی یەکـەم

کەسەکان

- دکتۆر دالبانیزۆ
- کچی دکتۆر دالبانیزۆ
- پیدرۆ
- شاعیر
- کۆمسیونجی
- سۆزانی
- دەرگاوان
- ولیامز
- پاولینا
- خاوەنی چاپخانە

رۆژنامە نووسەکان لەسەر تەلەفۆن و رادیۆ ....

### بەندی یەکەم

( رادیۆیەك و چوار تەلەفون )

تەلەفۆنی رۆژنامەنووسی ژمارە ١ :ـ هەلۆ

= = = ٢ :ـ هەلۆ

= = = ٣ :ـ هەلۆ

= = = ٤ :ـ هەلۆ

= = = ١ :ـ من جاکم پەیامنێری ترۆست رۆژنامەکانی فیدراسیۆنی ئارژانسی دۆلاریان گوێ بگرن .

= = = ٢ :ـ من سەرنووسەری رۆژنامەی( پێنج تیرەکانم) که رۆژنامەی ئارژانسی دۆلاریانە ، لە ترۆست دەر دەچێ ، جۆن ، گوێم لێتە .

تەلەفۆنی رۆژنامەنووسی ژمارە ٣ :ـ من رۆدیسم نووسەر لە (لیبرتـر ـ
یبیۆنال ) فیدراسیۆنی ئارژانسی ترۆست لە دۆلاریان
گویم لیتە .
= = = ٤ :ـ من کۆنکسم ، سەرنووسەری گۆڤاری
( دیل جۆرنال ) لە ترۆست فیدراسیۆنی ئارژانس ، گویم
لیتە .
= = = ١ :ـ لەسەر فەرمانی بەریز فرایمان
سەرۆکی ئەنجومەنی بەریوەبەرایەتی ترۆست ، بنووسن
، ئیمرۆ لە کاتژمیری ١٥/٣٥ چاوپیکەوتنیك لەگەل
دکتۆر دالبانیزۆ کرا ، دکتۆر دالبانیزۆ لە ژووریکی
نهۆمی سەرەوەی ساختمانی ژمارە ٨٦ لە گەرەکی
ژمارە ١٤ کۆرنیشی ١٦دا دەژی ، لەو چاوپیکەوتنە دا
دکتۆر دالبانیزۆ پیی راگەیاندم کە دەرمانیکی دۆزیوەـ
تەوە دەتوانی بەیەك دەرزی چارەسەری نەخۆشی سیل
بکات ، وەبەدریژی باسی چۆنیەتی دۆزینەوەی ئەو
دەرمانەی بۆ کردم ، جگەلەوەی من دریژە بە بابەتەکە
نادەم ، لەبەر ئەوەی هیچی لینازانم و سەریشم لەو ریسا
ئالۆز و تیکەلاوانە دەرناچی ، بەلام دەتوانم ئەوە
دووپاتە بکەمەوە ، کە ئەوەی تا ئیستا پیی گەیشتوە
ریسا تیوریەکانی موتوربەی سیلە ، وە بۆ جی بەجی
کردنی ئەو دەرمانە لە باری پراکتیکەوە ، پیویستی بە
ئازمۆنگایەکی گەورەو سەرمایەیەکی زۆر هەیە ....
تی گەیشتن .
تەلەفۆنی رۆژنامەنوسی ژمارە ٢ :ـ بەلی تەواو ( تەلەفۆن دادەخا )
= = = ٣ :ـ تەواو ( = = )
= = = ٤ :ـ بەلی ( = = )
= = = ٢ :ـ بە (نووسەری چاپ ) بنووسە ، سەرـ

کەوتنێکی گەورە بۆ ترۆست رۆژنامەکانی فیدراسیۆنی
ئارژانسی دۆلاریان ، چاوپێکەوتنێکمان لەگەڵ دکتۆر
دالبانیزۆ دا کرد ، کە مزگێنی رزگار بوونی بە مرۆڤا-
یەتی راگەیاند ، لە ژووره بەرز و هێمنەکەی کە دووره لە
کاروباری ژیانی ئاسایی و پڕ لە ئاژاوەی ناو شار ،ئەو
زانا گەوره و بێ فیزە راوێژێکی لەگەڵ پەیمنێرمان کرد ،
... ( بەنووسەری چاپ ) بوەستە ، بەردەوام بە ! ئەو
زانا بەناوبانگە چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ پەیامنێرمان
یەك سەعات و نیوی تەواوی خایاند ،(بەنووسەری چاپ )
نا ، بوەستە ماوەی چاوپێکەوتنەکە دوای دڵنیا بوون
لەگەڵ روژنامەکانی تر دیار ئەکەین ... بەردەوام بە...
پاستۆر چی کرد ؟ هەر ئەو بوو چارەسەری هاری کرد
ئەوەش تەنها بۆ گەوره کردنی زانایەکی وا بەرز نی یە
، چونکە لە سەر ژمێری هارەکاندا چاك دەردەکەوی .
رۆژنامەنووسی ژمارە ۲:- بە ( نووسەر ) بنووسە ، دکتۆر
دالبانیزۆ دکتۆری دۆلاریان ، مروڤایەتی لە گەورەترین
نەخوشی رزگار دەکات ، بە بەزاندنی دیوەزمەی سیلی
ئەفسانە سەری ئێمە بەرز دەکاتەوه ، ئەو ئەفسانەیەی کە
بە هیچ یەك لە زاناکانی دۆلاریان نەدەبەزی ،ئەوەش
بێ گەردترین لاپەرەکانی مێژووی دولاریانە ( بە نووسەر )
بوەستە . پەیامنێر لە راوێژەکەیدا رایگەیاند کە لەو
راڤە کردنانەی دکتۆر دالبانیزۆ داویەتی هیچ سەر دەرنا-
کات ( بنووسە ) ئەو راپورتەی لیژنەی مامۆستایانی
زانکۆ لە سەریان نووسیوه ، کە بریتین لە ( ۷ ) پرۆ -
فیسۆر کە ئێستا نایانەوی ناوەکانیان بدرکێنن،،
پەیامنێرمان دانەیەکی لە راپۆرتەکە وەرگرتوه ، ( بە
نووسەر ) بوەستە ، ژمارەی پرۆفیسۆرەکان بە پێی

ڕێکەوتن لەگەڵ ڕۆژنامەکانمان دیاری دەکەین ٠٠٠٠٠٠٠
شوێنی ژمارەیان بە بەتاڵی بەجێ بێڵە ٠٠٠، بنووسە
ئەو ڕاپۆرتەی لیژنەی مامۆستاکان کە ئێستا لە بەر
دەستمانە هیچ گومانی نەهێشتۆتەوە کە ئەم دۆزینەوەیە
کارێکی بلیمەتانە و مێژووییە ، ڕاڤەکردنی ئەو دەرمانەش زۆر سادەیە ، یان گەورەیی هەر دۆزینەوەیەك لە
بنچینەدا لە تێکەڵاوی ئاسانەوە دێ ٠

ڕۆژنامەنووسی ژمارە ٤ :ـ ( بە نووسەری چاپ ) بنووسە ، نا ،بوەستە
پەیامنێرمان ووتی ، تیوری ڕێسای ئەو دەرمانە تەنها
توانراوە بدۆزرێتەوە ، ئەوە نابێ ٠٠٠ بنووسە ،دەرمانی
دالبانیزۆ شتێکی تیوری نیە و بەس ، بەڵکو شتێکی
بە ڕاستی پراکتیکیە ، نە خوازەلا ئەو نەخوشانەی لە
قوناغی سێ یەمن ( بە نووسەری چاپ ) بوەستە ! قۆناغی نەخۆشیەکە لە دوای ڕێکەوتن لەگەڵ ڕوژنامەکانمان
دیاری دەکەین ، شوێنەکەی بە بەتاڵی بەجێ بێڵە ،
بەردەوام بە لە نووسین ، ئەو دەرمانە لە سەر نەخۆشێك
تاقی کرایەوە دیارکەوت یەکسەر چاك بووەوە ، بەلام
ئەو دەرمانەی دالبانیزو لە سەرتاسەری جیهان پێویستی
بە سەرمایەیەکی زۆر هەیە ( بەنووسەری چاپ ) هێڵێ لە
ژێر ئەم ڕستەیە بکێشە کە ئێستا پێت دەڵێم ، سەرمایە
زۆر پێویستە بۆ ئەوەی ئەم دەرمانە بلاوبکرێتەوە، بەرهەمەکەشی لە سەر ئاستێکی فراوان دەبێ مەسەلەکەش
دەگاتە ئەوەی سەربەرزی بۆ دۆلاریانە ٠

ڕادیۆ :ـ هەلۆ ٠٠٠ هەلۆ ، ئێرە ئێستگەی ڕادیۆی دۆلاریانە ٠٠٠ لەم
بەیانیە دا ڕوژنامەکانی یەکیەتی ئارژانسەکانی
دۆلاریان ، ڕیپورتاجێکیان لەسەر دەرمانی سیل بلاوکردەوە ، کە دکتور دالبانیزۆ دۆزیویەتیەوە ،گشت

رۆژنامه و گۆڤارەکانی ترۆست داوا له سەرمایەدارەکان و میری و رای گشتی دەکەن ، بۆ یارمەتی دانی دکتۆر دالبانیزۆ ، سەرکەوتنی ئەو کابرا بلیمەتە گەورەیە .

* * *

بەندی دووەم

( دەربارەی مەسەلەی پسپۆری و له بابەت ئەو زانستەی که دکتۆر دالبانیزۆ بەتەواوی لێ ی بێ ئاگابوو )

( ژووری دکتۆر دالبانیزۆ ، کچەکەی لەسەر کورسیەك له بەردەم پەنجەرە دانیشتوە ، رۆژێکی گەرمە ، دالبانیزۆ له نێو کاردا نقووم بووە ) .

له دەرەوە دەنگی تانگو ئەبیسترێ که به گیتار لێ دەدری لەگەڵ دەنگێك .

سنیۆرینا ، ئەی خاوەنی دوو چاوی رەش ، سنیۆرینا
منم که له چاوەکانت ئەگلێم و ئەکەومە سەر پەڕەی گۆنات
بمشارەوە ، دوورم خەوە له بینینت ، پەچەش بەسەر رووی خۆت دادە .
ئەی سنیۆرینا ... سنیۆرینا .... سنیۆرینا
ئەری بێمە ئامێزت ، ئەی سنیۆرینا
ئەی سنیۆرینا ، سنیۆرینا ، سنیۆرینا

کچەکە :ـ لەبەرخۆیەوە
سنیۆرینا ، ئەی خاوەنی دوو چاوی رەش ، سنیۆرینا
منم که لەچاوەکانت ئەگلێم ئەکەومە سەر پەرەی گۆنات
گۆناکانت ، پەچەت ، ئامێزت

دالبانیزو :ـ کچم وەجوولە کەوتیەوە ، بۆچ پێنج دەقیقە دانانیشی تا

بە تەواوی بەسەرە خۆت دەکەویەوە ٠

کچەکە :ـ بابە ئای لەو رۆژە خۆش و جوانە ، وەرە سەیری دونیاکە٠٠٠

دالبانیزۆ :ـ بچوکترین جو لانەوە پلەی گەرماییت بەرزدەکاتەوە٠٠٠

کچەکە :ـ بابە ، قەت لەمەوبەر گۆرانیت نەوتووە ؟

دالبانیزۆ :ـ ئەگەر پێوانەی پلەی گەرماییت روون نەبی،وەرە تەختێك فێربە ٠٠٠٠٠

کچەکە :ـ بابە ٠٠٠٠

دالبانیزۆ :ـ لەو کاتەی گەرمی پێو لەسەر کورسیەکەتە ، تەنانەت دەبێ واز لە قسەکردنیش بێنی ، تۆزی هێواش بە ( سەیری سەعاتەکەی دەکات ) ١٥چرکەی تر خۆراگرە ٠

( دەنگی لێدانی سەعاتەکە بۆ ماوەی ١٥چرکە )

دالبانیزۆ :ـ تەواو ٠٠٠ ئەو گەرمی پێوە بگرە !

( تەرازووەکە وەردەگرێ )

کچەکە :ـ چەندە ؟

دالبانیزۆ :ـ ٣٧/٨ (لەسەر تەختەی کە بە دیوارەکە هەڵواسراوە، خالێك دروست دەکات و خەتەکە درێژ دەکاتەوە )

کچەکە :ـ بابە گیان ٠٠٠ زۆر بەرزە ؟

دالبانیزۆ : ـ ئاساییە ٠٠٠ دەترسیت ؟ باوەڕم پێ ناکەیت ؟ بەس تۆ وورەت بەرز بێ ، فیزیۆلۆجیت لە ملی من ٠

کچەکە :ـ بابە من لە کام قۆناغی نەخوشیدام ؟

دالبانیزۆ :ـ دابەشکردنی نەخۆشی بە قۆناغ مەسەلەیەکی بەرنامەییە، دوای ئەوەی پلەی گەرماییم وەرگرتی ئەوەشت بۆ باس دەکەم، بەلام ناوەرۆکی مەسەلەکە میکرۆبی کوخ و دەرمانی دالبانیزۆیە ٠٠٠ تێ گەیشتی ؟ یاخی بوونی میکرۆبی کوخ و بەگژداچوونی دەرمانەکەی من ژانێکی پڕ ئازارت پێ دەبەخشن، یەکەمین بەگژداچوون لەبەر چاوی تۆدا بەرپادەکەم ، ئەوەی لە تۆم دەوی تەنیا ئەوەیە بەسەرخۆتدا زالبیت و ورەت بەرزبێ ، چونکە

ئەوەیان لەدەست من دا نیە ، بەلام فیزیۆلۆجیت لە ملی مـــن ، سەرکەوتنیش هەربۆ دەرمانـی دالـبانیزۆیە ، دەرمانـی من ، سەدا سەد ، لە سەدا پێنج سەد ، لەسەدا هەزار و پێنج سەد ، ئـــەو گیروگرفتەی کە رووبەرومان بوە گیروگرفتی داراییە ، لـەگـــەڵ ئەوەشدا من بڕوام وایە بۆ چارەسەرکردنی ئەویش سەردەکەوم،من دەبینم کە میکرۆبی کوخ لەژێر پێمدا راکشاوە ٠

کچەکە :ـ بابە گیان ، تۆ هەروەکوناپلیۆن قسەدەکەی ٠٠٠٠

دالـبانیزۆ :ـ جا ئەو کێ یە ؟ ها ، زۆر زۆر با ژەنرالێکی فەرەنســـی بووبێ ؟ دوایی بووە ئیمپراتۆر ،ئێمە کەلە ئامادەیی بوویــن مێژوویان پی خویندین ٠

کچەکە :ـ بابە گیان هیچی ترت لەبابەت ناپلیۆن نەبیستوە ؟

دالـبانیزۆ :ـ نەخێر ٠٠٠ نەمبیستوە ٠٠٠ شتێکی لەبابەت پزیشـــکی دەزانی ؟ باشە پەیوەندی من بە ناپلیۆنەوە چی یە ؟ مەسەلـــەی زانستی ، مەسەلەی پسپۆرایەتی یە ، پسپۆرایەتیش بەفراوانـی بلاونابیتەوە بەلکو بە قوڵ دادەچێ وەکو بیر ، ژیانی یەك میکرـ ۆب بۆمن سەد جار بە قەد ئیمپراتۆری ناپلیۆن گرنگتر و سەخترە بە تایبەتی ئێستا کە من لە هەرە قولایی بیرەکەدام ، جگە لـــە یاخی بوونی میکرۆبی کوخ و دەرمانی دالبانیزۆ هیچ شتێکی تر لە ئارادانیە ٠٠٠ تۆو ٠٠٠ ئەندامە تووشبوەکانت نەبی ٠٠٠٠٠ هیچ شتێکی تر نیە ٠

کچەکە :ـ بابە گیان تو چەند سەیری ٠٠٠

دالـبانیزۆ :ـ لەوانەیە ٠٠٠ با ئێستا بێ دەنگ بین و کاربکەین ٠٠٠٠

( بێ دەنگی ٠٠٠ دەنگی چرکەی سەعاتەکە دێ ١٠ چرکە رادەبرێ لە دەرگادەدرێ ، دکتور لە کاردایە و گوێی لێ نیە )٠

کچەکە :ـ بابە ، ئەوە یەك لەدەرگا دەدات ٠

دالـبانیزو :ـ فەرموو ٠٠٠

( پیدرۆ دوو پەقرەج ئاوی بە دەستەوەیە و دێتە ژووری )

دالبانیزۆ :ـ هاوسێی بەڕێزم سەرچاوم بەخێربێی ٠
پیدرۆ :ـ مامۆستا ، ئاوم بۆتان هێناوە ، هیچ ئاوتان نەماوە ٠
کچەکە :ـ پیدرۆ سوپاست دەکەین ٠٠٠
( دەیەوێ لە شوین خۆی هەڵسێ )
پیدرۆ :ـ دانیشە ، جەرگەکەم مەبزو ، من لە جیاتی تۆ بەتاڵیان دەکەم٠
کچەکە :ـ ئاخر بۆتۆ ئەزیەتە ٠٠٠٠
( پیدرۆ لە دەرگا بچکۆلەکەی تەنیشتەوە دەچێتە ژووری )
کچەکە :ـ بابە ، ئەو کوڕە گەنجە ، چەند کوڕێکی باش و بەڕێزە !
دالبانیزۆ :ـ پیاوێکی تەواوە ٠٠٠ برادەرێکی بەڕاستیە ، سەری ئێمەـ
یە ٠٠٠ پاش تاوێك ٠٠٠
( پیدرۆ دێتەوە )
دالبانیزۆ :ـ تا ئێستا کومپانیەکان ئاوی بۆریەکانیان بڕیوە ، چـــی
بکەین ٠٠٠ ناتوانین پارەی ئاو بدەین ٠٠٠
کچەکە :ـ ئیمرۆ وەرەقەی کارەباش هات ٠٠٠٠
دالبانیزۆ :ـ ئەگەر هەفتەیەك لە پارەدانی کارەبا دوابکەوین دەلێـــن
ئەویش دەبڕن ، بەڵام باوەڕم وایە ئەوجار ناتوانن کارەبا ببـڕن
٠٠٠ سەرەڕای ئەوەی ئەو دوو پەقرەجە ئاوەش دوا پەقرەج دەبـن
کەلە بۆریەکەی ئێوە بۆمان دێنی ٠
پیدرۆ :ـ بەتەمای خوای ! مامۆستا !
دالبانیزۆ :ـ مەسەلەکە مەسەلەی بەتەمابوون و نەبوون نیە ! من لـەوە
دڵنیام رۆژنامەکانی ئەمرۆت نەخوێندوتەوە ؟
پیدرۆ :ـ بەڵێ ، خوێندومەتەوە ، هەموو شار سەری لە چاوپێکەوتنـــی
ئێوە سوڕماوە ٠٠٠
کچەکە :ـ یانی ئەو کارەی باوکم ئەوەندە جێی گرنگیە ٠٠٠
پیدرۆ :ـ هەڵبەتە زۆر ٠٠٠ زۆر ٠٠٠
دالبانیزۆ :ـ یانی ٠٠٠
پیدرۆ :ـ مەبەستم هیچ نیە ، وابزانم ٠٠٠

دالبانیزۆ :ـ پیدرۆ تۆ هەڵەی ، پێویست ناکات دەست پێشخەری هیچ شتێك لە مێشکدا بکەیت ، شتەکە زۆر سادەیە ، من توانیم دەرمانی سیل بدۆزمەوە هەواڵەکە بڵاو بوەوە ٠٠٠ دوایی بلیمەتی خێر رووی تێ کردین ٠

پیدرۆ :ـ کێ دەزانی ؟ لەوانەیە بلیمەتی شەڕ بێ ٠٠٠

دالبانیزۆ :ـ تۆ زۆر هەڵەی پیدرۆ ، مەسەلەکە زۆر ئاسانە ،تا ئێستا نەبوونی دارایی بوەتە هۆی ئەوەی نەتوانم دوا هەنگاو هەڵێنم٠ جا هەڵبەتە دوای ئەو شا لاوەی رۆژنامە نووسەکان دارایش بەرەو پیرم دێت ٠ ئەو شتەی کە دارایی ناوە هەر چل ساڵ جارێك روو لە مرۆڤ دەکات ٠ لە ئاو نەهاتن و کارەبا گرنگترە ، دەرمانی دالبانیزۆ میکرۆبی کوخ دەبەزێنێ٠

کچەکە :ـ ئاومان دێتەوەو کارەباشمان نابڕدری ٠

دالبانیزۆ :ـ مەسەلەکە تا ئەو رادەیە سادەو ئاسانە ٠٠٠

پیدرۆ:ـ بەڕاست لیژنە حەوت کەسیەکە هات بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵتا ، هەروەکو لە روژنامەکان نووسرابوو ؟

دالبانیزۆ :ـ نەخێر ٠٠٠ نەخێر منیش لەو کارە سەرم سوڕماوە ، لەـ وانەیە ئەوە لە رێکخستن هەڵە کرابێ ، لەوانەیە لیژنەیەك بیەوێ بێ و رۆژنامەکان نووسیبیان هاتووە ٠٠٠

پیدرۆ :ـ سەرەڕای ئەوە دەرمانەکەتان لە چەند تاقی کردنەوەیەکی تایبەتی سەرکەوتنی وەدەست هیناوە ، ئەوەش سەلماندویە کە لە قۆناغی سێ یەمی نەخۆشی دا چارەسەری دەکات ٠

دالبانیزۆ :ـ نەخێر ، نەخێر خۆتان چاك دەزانن من هیچ تاقی کردنەـ وەم نەکردوە ، وەکو ئەوان باسی لێ دەکەن ،مەسەلەی تاقی کردنەوە لە خۆیانەوە نوسیویانە ، کچەکەم دەڵێ رۆژنامەنووس هەمیشە ئەوە پیشەیانە ، ، بەلام من مێشکم لەوە بڕناکات٠

پیدرۆ :ـ ئای هەی مامۆستا ٠٠٠٠

دالبانیزۆ :- فەرموو ٠٠٠
پیدرۆ :- ئایا ئێوە هەڵساون بە پێکەوە بە ستنەوەی پەیوەندی ئابوری سیاسی لە لایەك و میکرۆبی کوخ هەروەها دەرمانی دالبانیزۆ لە لایەکی تر ٠
دالبانیزۆ :- نەخێر من هیچ لە زانستی ئابوری سیاسی نازانم ، من نازانم ناپلیۆن کێ یە ، سەرەڕای ئەوەی تابگرە نازانم ئابوری سیاسی چیشە ٠
پیدرۆ :- وابزانم پەیوەندیەکی بەتین لە مابەینی هەموو زانستیەکاندا هەیە ، پەیوەندیەکی لە ناوەوە ، ئەو پەیوەندیەش لە بیروڕای یۆنانی کۆن زۆر روون و ئاشکرایە ٠٠٠ لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بەیەکەوە بەستنەوە لەمەودوا بزر دەبێ ، لەماوەی چەرخەکانی ناوەڕاست دا لەگەڵ راپەڕین ، ئەم پەیوەندیانە سەرلە نوێ لەسەرشانۆ بە دیار دەکەوتنەوە ، بەڵام ٠٠٠
دالبانیزۆ :- دەواز لەو تیوریە سەر سوڕهێنەرانە بێنە ٠٠٠
پیدرۆ :- ئاخ مامۆستا ٠٠٠ بریا بتزانیبایە ئەو پەیوەندیە بە تینەی لە مابەینی زانیاری ئابوری سیاسی لە لایەك و پزیشکی لە لایەکی تر چۆنە ٠٠٠ بریا ٠٠٠
( لە دەرەوە دەنگی ئافرەت و پیاوێك دێ ، هەڵلایانە )
کچەکە :- دەلێی لە دەرەوە شتێك رویداوە ٠
دالبانیزۆ :- دیسان ئەو ئافرەتە گەنجەی هاوسێمانە ، تەڕ گیرمان بە دەستیەوە خواردوە لە دەست گیرو گرفتەکانی وەرس بویمە کە ئەو ژنە هەر رۆژە لەگەڵ پیاوێك ئەینێتەوە ٠
پیدرۆ :- راستە ، بەڵام روژنامەنووسەکان نووسیویانە کە ئێوە لە ژووریکی بەرز و دوور لە ئاژاوەی شارن و هیچ گوێتان لە دەنگو- باسی ژیانی رۆژانە نیە !!
دالبانیزۆ :- بریا قەڵەمی رۆژنامە نووسەکان بشکایە ٠

* * *

بەنـدی سێ یەم

لە بارەی ئەو پەیمانەی کە جێ بەجێ ناکری ، مستەر کڵاین و نا تەواو و پەککەوتوەکەی کە ناتوانی لە پەیژە پیسەکەی حەوت نهۆمی بەسەر کەوێ و ژیاندنەوەی گیان ٠

هەنوانی پەیژەکە کە دەرگایەك بۆ ژووری دالبانیزۆ و دوو دەرگاکەی تریش هی هەر دوو ژوورەکەی شاعیر و ئافرەتە هەوەس بازەکەبوون ، هەمیشە تۆری پەیژەکە لەبەر چاو بوون ٠

کۆمسیونجی :ـ من دەڵێم ئەو پارەیەم دەوێتەوە ، بۆم پەیداکە٠٠٠

سۆزانی :ـ ئاخر پارەم نیە لە کوێ بێنم ٠٠٠

کۆمسیونجی :ـ نیمە مانای چی یە ؟ یان پارەکەم دەوێتەوە یان پەیمانەکە بەجێ بگەیێنە ٠٠٠

سۆزانی :ـ بۆچی وا سەراسۆم بوی ! سوێندت بۆ دەخۆم پارەم نیە بۆت لە کوێ بێنم ٠

کۆمسیونجی :ـ بەسەد جەهەنەم ٠٠٠ ئەو قسانە لای من پولێکی قرتی نایەنی ٠٠٠٠ من پارەکەم دەوێتەوە دەی زووبە ٠٠٠

سۆزانی :ـ بەلای کەمی رۆژی تا دوو رۆژ لەسەرم ڕاوەستە ٠٠٠٠

کومسیونجی :ـ ناتوانم ٠٠٠

سۆزانی :ـ تا ئێوارەش لەسەرم راناوەستی ؟

کۆمسیونجی :ـ نەخێر ناتوانم ئەوەش بکەم ٠٠٠ شتی وانیە٠٠٠ تۆ تەنانەت بۆت نیە گرێنتیش بدەیت ، لەبەر ئەوەی متمانەت پێ ناکرێ و سەرمایەت نیە ، تۆ چەند ئافرەتێکی نەفامی لە قسە ناگەیت و هەڵسو کەوتیش نازانی ٠

( دەرگاوان دێت )

دەرگاوان :ـ ئەو هەڵلایە چی یە ؟ ئەو قیژەقیژە چی یە ؟ چما ئێرە بە چی تێدەگەن ؟ ئێرە بازاڕە ؟ بیبڕنەوە دەنا بانگی پولیس دەکەم ٠٠٠٠

کۆمسیۆنجی :ـ باشە تۆ کێی ؟
دەرگاوان :ـ چی دەڵێی ؟ چی؟ من کێم ؟ من ؟ ئەو قسەیەت لەگەڵ من بوو ؟
کومسیونجی :ـ ( لەگەڵ سۆزانیەکە کە گوچکی کراسەکەی توند دەکردەوە ) واز لە گوچکی کراسەکەت بێنە ( روو لە دەرگاوان دەکا) باشە تۆ کێی ؟
دەرگاوان :ـ من ۰۰۰ ها ؟ دوایی دەزانی من کێم قەت لەمەوبەر ناوی مستەر کلاینت نەبیستوە ؟ خاوەنی هەشت ساختمانی هەروەکو ئەمەیە ۰۰۰ تێ گەیشتی ؟ هەشت ساختمان بە ژمار ۰۰۰
کۆمسیۆنجی :ـ جا من پەیوەندیم بەمەوە چی یە ؟
دەرگاوان :ـ گوێ بگرە ۰۰۰ ئێستا دەزانی من کێم ۰۰۰ مستەر کلاین خاوەنی ( ۲۳) ساختمانی بەرزتر لەو ساختمانەیە بە دوو قات ، سێ ئەوەندە هەشتا و هەشت ئەوەندە بەرزترن تێ گەیشتی ۰۰۰ سەرەرای ئەوە هەموو رۆژانی یەکشەممە مستەر کلاین دەچیتە کەنیسە ۰۰۰ هەشت زنجی بەدەستی خۆی سوتاندوە تێ گەیشتی ؟ هەربەدەستی خۆی ۰۰۰ دوای ئەوە کاکی خۆم ئەو هیچ سوود وەرناگرێ لە هەڵسان بەکارێکی وەکو تۆ ئاوا ۰۰۰۰
کۆمسیۆنجی :ـ تۆ زیاد لەخۆت پێ درێژی دەکەیت ۰۰۰
دەرگاوان :ـ گوێ بدەیێ ۰۰۰ چەندەهای وەکو تۆ هەمیشە لە ژێر فەرمانی ئەودان ۰
کۆمسیۆنجی :ـ مەدام بەلام ئەو ۰۰۰۰
دەرگاوان :ـ گوێ بدەیێ ۰۰۰ ئێستا مستر کلاینت ناسی کەدادی هیچ کارێك نادات ۰۰۰ بەردەوام ۲۵۰ برسی لای ئەو کاردەکەن !۰
کۆمسیۆنجی :ـ ئەواتی گەیشتم ! باشە چی تیایە ؟
دەرگاوان :ـ لەوەش زیاتر پرسیار دەکەی؟! من کچی مستەر کلاینم

بۆ یەکێك لە کۆنتەکانی فەرەنسی خواست ، من جێگری ئـــەوم بۆ کاروباری ئەو ساختمانە ، من لێپرسراوی ئێرەم ، مـــــن پارەکەی کۆدەکەمەوە، من ئەو کەسانەی کە کرێ نادەن لـێـرە وەدەر دەنێم ، ئەم دەروازە ئاسنینەی لە خوارەوە بینیت کـەی بمەوێ دایدەخەم ، ئێستا زانیت من کێـم ؟

کۆمسیۆنجی :ـ ئێستا تێ گەیشتم ، تۆ دەرگاوانی !٠٠٠٠

دەرگاوان:ـ بۆ ئەوەی گومانی تێدا نەمێنێ ! ٠٠٠

کۆمسیۆنجی :ـ تەواو ، منیش لە دوای ئێوە دەگەڕێم ٠٠٠

دەرگاوان:ـ لە دوای من ؟ بۆ چی ؟

کۆمسیونجی :ـ باجاری ئاشت بینەوە ، ئاشت بوینەوە ؟ باشە ٠٠٠٠٠ گەورەم ئەگەر پیاو بچێتە لای گوشت فروش و پێی بڵێ ( کیلۆـ یەك گۆشتم بۆ بکێشە ! ) وە چەند قرۆشێکی پێشەکی دایە کـە ئیواری لەگەڵ وەرگرتنی گۆشتەکە تەواوی پارەکەی بداتێ ٠٠٠

دەرگاوان:ـ ئێ جا ئەوە چی تێدایە ؟

کۆمسیۆنجی :ـ ئێواری کاتی گەڕایەوە گۆشت فروش گۆشتەکەی نەداـ تێ چی دەکات ؟

دەرگاوان :ـ دوکانەکەی بەسەردا دەڕوخێنی ٠٠٠

کۆمسیۆنجی :ـ (دەك ئەو دەمەت نەڕزێ ) من ئەو بەیانیە گەیشـــتمە ئەو کچە و داوام لێ کرد ، دوای مامڵەت کردن ، نرخەکەمـان بڕیەوە ، داوای پارەی پێشەکی لێ کردم ، منیش دامێ ، لــە دوای دوو سەعات هاتمە ئێرە ، بۆ ژوورەکەی ، داوام لێ کـرد کە بەوەفابێ بۆ پەیمانەکەی بەڵام هەر گوێشی نەدایە ، داوام کرد پارەکەم بداتەوە ،ئەویشی نەکرد٠٠٠

سۆزانی :ـ جا من چون وادەکەم ، دەجار پێم نەوتی ئەو خوشکە پارەکەی لە پاتی کرێ برد ؟

دەرگاوان :ـ راستەکات ، قەرزاری من بوو قەرزەکەی دامەوە٠٠٠

کۆمسیۆنجی :ـ بەڵام ئەوە پارەی منە داویە بەتۆ ٠٠٠
دەرگاوان :ـ ئەوە لای من گرنگ نیە !٠٠٠ بۆ من جیاوازی نیە پارەکە هی فلان بێ یان فیسار ٠
کۆمسیۆنجی :ـ بەڵام گەورەم ، تکات لێ دەکەم خزمەتێکی مرۆڤایەتی بکەیت و ئەو پارەیەم بدەیتەوە ٠٠٠
دەرگاوان :ـ جا من چۆن وادەکەم !٠٠٠
کۆمسیۆنجی :ـ گیانەکەم و گەورەم ، تۆ هەموو کاتێ دەتوانی کرێ کەی خۆتی لێ بسێنیتەوە ، ناشتوانی پێشینەیەکی سادە بدەیتە ئەو کچە هەژارە ، خۆلەوانەیە دوکانێکی بچووکی پێ بکاتەوە و بۆخۆی کاری تێدا بکات ، با بەتەواوی ئەو پیشەیە بکات ٠
دەرگاوان :ـ بێ سوود خۆت ماندوو مەکە ، من بە هیچ شێوەیەك ناتوانم دوکانی بۆ بکەمەوە ، ئەوە ئیشی قاچاغ دەکات ، ماملەتەکەی بە راوو ڕەسم و یاسایی نیە ٠
کۆمسیۆنجی :ـ کەواتە !٠٠٠ مانای وایە ئێوە زەمینە بۆ ئەو کەسانە خۆشدەکەن کە بە کاری قاچاغەوە خەریکن ٠
دەرگاوان :ـ من جێگا بۆ قاچاغچیان دروست دەکەم؟
کۆمسیۆنجی :ـ بەڵێ تۆ !٠٠٠ شکایەتت لێ دەکەم ٠٠٠
دەرگاوان :ـ شتی وات پێ ناسەلمێندرێ٠٠٠
کۆمسیۆنجی :ـ بەڵێ دەتوانم ٠٠
دەرگاوان :ـ نەخێر ٠٠٠ ناتوانی ٠
( شاعیر دێت )
شاعیر :ـ ئەی خوایە ٠٠٠ ئەو هەڵلایە چی یە؟ ( روو لە دەرگاوان دەکات ) مەدام چی رویداوە ؟ وادەزانی فریشتەکانی ئاسمان هاتونەو لە پەیژە پیسە حەوت نهۆمیەکەت روو لە ژوورەکەم دەکەن ؟ فریشتەکانی ئاسمان بەر لە هەموو شتێ هێمن و بێ دەنگن ، ئەو بێ دەنگیەش قەت لە دەرگای ساختمانی ئێوە

نادەن ، تابگرە بۆ دەقیقەیەکیش ، مەدام تۆ مانای نووسینی
شیعر دەزانی ؟ ئەی مەدام بە درێژایی تەمەنت لە من زیاتر
شاعیرێکی ترت دیوە ؟ ئەرێ خوایە دەبێ ئەم ساختمانە لە ژێر
چاودێری خوای شەڕ دابێ ؟ ئەم ئاژاوەیە هۆی چیە ؟ کێ یە ؟
کۆمسیۆنجی :- ( دەست بۆ سۆزانیەکە درێژ دەکات) هەمووی خەتای
ئەوەیە ...
شاعیر :- ( بە سۆزانیەکە ) دیسان ؟ ئەوە تۆی هۆی ئەو هەموو هاوارو
هەڵلایە ؟ تۆ ئەی ڕەبەنی بێ دەسەڵات ؟
کۆمسیۆنجی :- چیت ووت ؟ ڕەبەنەکەت ؟ خوشکتە وانیە ؟ کەواتە
ئێوە خوشك و بران ، گەروابێ ئازیزەکەم ، لەوانەیە خاوەنی
سەرمایەش بیت ؟
( شاعیر بە سەرسامیەوە سەیری دەکات )
کۆمسیۆنجی :- نا گەورەم ، ئەوە بە خەوش دانانری ، لێ گەڕێن با
مەسەلەکان تێکەڵاو نەکەین ، مەسەلەی بنچینەیی ئەوەیە ،
باوای دابنێین ئەگەر ئەو کچە گەنجە خوشکی جەنابتان بێ ،
لەوانەیە پەیوەندی سەرمایەشتان بەیەکەوە هەبێت ، لەبەر ئەوە
باشترین شت ئەوەیە جەنابتان قەرزەکەم لە باتی ئەو بداتەوە •
شاعیر :- ( بەدەرگاوان ) من هیچ لە قسەی ئەو کابرایە تی ناگەم •
دەرگاوان:- ( بە کۆمسیۆنجی ) کاکی شاعیر ، برای ئەو کچە نیە و
هیچ پەیوەندیە کیشیان بە یەکەوە نیە •
کۆمسیۆنجی :- بەڵام پێی ووت خوشکە ...
شاعیر :- بەڵی ووتم خوشکم ، چونکە گوڵێکە و لە بەینی بەردەکانی
سەر شۆستەیەکی بە قوڕداپوشراو سەوز بووە ، ئەو کچە پارچە
ئازارێکی گەورەیە ، ئەوەو ئەوانەی وەك ئەو ئازار ئەکێشن ،
لە بەینی پەنجەی دڕوندانەی سوڵتانەکانی کۆشکی هارونە
ڕەشید و کەنیزە سپیەکانی ریۆدو جانیرۆ هەموویان خوشکی
منن• ...

کۆمسیۆنجی :ـ ئەی لەو کابرا سەیرە ! خۆ من مەبەستم هەموو ئافرە ـ
تێك نیە • من دەمەوێ تەنیا قەرزی ئەوەم بداتەوە یان وای لێ
بکات گوێ لە قسەم بگرێ و بۆ پەیمانەکە وەفاداربێ •
( پیدرۆ و دالبانیزۆ )
پیدرۆ :ـ کام پەیمان و جێ بەجێ کردنی ؟ ئێرەشتان کردە هەراجخانە؟
کۆمسیۆنجی :ـ ( بە دەرگاوان ) ئەی ئەوە کێ یە ؟ ( مەبەستی پیدرۆیە )
هیچ خۆت لەگەڵ ئەم مەسەلەیە ماندو مەکە ، من دەزانم ئەو
ئافرەتە خوشکی ئێوەیە ••• بەڵی ••• بەلام کاتێ ئەلێیم
قەرزەکانی بدەنەوە ••• پاشگەز دەبنەوەو دەبنە برای گیانی
هەموو ئەو کەنیزانەی لە کۆشکی هارونە رەشیدان و چەندەها
قسەی پڕوپوچی لەم بابەتە ، ئەو زۆر بلێ یەش لە رادە بردیە
دەر •
سۆزانی :ـ ( بە پیدرۆ ) لە دەستی ئەو کابرایەم رزگار کە •
پیدرۆ :ـ مەسەلە چی یە ؟
سۆزانی :ـ ئەم بەیانیە گەیشتمە ئەو کابرایە ، پێشەکیم لێ وەرگرت
، ئێستاش پارەکەی دەوێتەوە منیش نیمە بیدەمەوە ، لەکاتی
هاتنی پەیمانەکەم جێ بەجێ نەکرد ، بەلام ، ئەوەش هۆی
هەیە •••
کۆمسیۆنجی :ـ تۆ ئیشەکە تێکەڵ مەکە ••••
سۆزانی :ـ نا ، من بەرمەیدان دەیلێم ••••
پیدرۆ :ـ (قوڕگی کۆمسیۆنجی گرت ) تۆ فزە نەکەیت ،( بە سۆزانیەـ
کەی ووت ) دەی قسە بکە •••
سۆزانی :ـ ئەو کابرایە تووشی نەخۆشیەکی زۆر ترسناك بووە••••
ئەفرەنجی••• بەدەستی خۆم خۆم ناخەمە ناو ئاگر و خۆم
دەزانم چی دەکەم •••
پیدرۆ :ـ ( بە کۆمسیۆنجی ووت ) لیرە نەمێنی •••

کۆمسیۆنجی :ـ بەڵام ...

پیدرۆ :ـ زوو کە گوم بە لەبەر چاوم .

( یاخەی دەگرێ و فرێی دەداتە دەرەوە )

دەنگی کۆمسیۆنجی لەدەرەوە:ـ ئێ ئێ دوایی یەکتر دەبینینەوە...

پیدرۆ :ـ ( دەگەڕێتەوە ) دەباشەدەی ... دەتبینینەوە ....

شاعیر :ـ پیدرۆ بەڕاستی پاڵەوانی .

پیدرۆ :ـ ئەی لەو پالەوانیە گالتە جاریە،وەك پالەوانیەتی تێکوشەرەکانە لەسەر مافی ئافرەت .

سۆزانی :ـ سوپاست دەکەم .

پیدرۆ :ـ پێویست بە سوپاس ناکات .

( سۆزانیەکە دەچیتەوە ژووری و دەرگاوان دەچێتە دەرەوە )

دالبانیزۆ :ـ بە خوا شتی سەیرە ...

پیدرۆ :ـ ئای هەی ... ماموستا بریا شتێکت لە ئابوری سیاسی زانیبایە .

دالبانیزو :ـ کوڕم واز لەو ئابوریە بێنە .

پیدرۆ :ـ بە هەرحال ، جارێ بەخوات دەسپێرم .

( پیدرۆ دەچێتە دەرەوە )

شاعیر :ـ ئەرێ شوخە کچەکەتان چۆنە ؟

دالبانیزۆ :ـ وەکو هەمو جارەکانی تر ، کاروبارەکە بە شێوەیەکی سروشتی دەڕوات ، بەلام لەوە دڵنیام کە بەرەنگاری یەکدەبین و شەڕێکی دژوار روودەدات .

شاعیر :ـ وابزانم من ئێوەم سەخڵەت کردوە .

دالبانیزۆ :ـ لەسەدا سەد سەرکەوتن هەر بۆمنە ...

شاعیر :ـ وابزانم من ئێوەم سەخڵەت کردوە .

دالبانیزۆ :ـ کام سەخڵەتی ؟

شاعیر :ـ گەورەم ویستم ، دڵنیابم کەوا هۆی سەخڵەت بوونی ئێوەنیم

، تۆ وشۆخەکچەکەت ، چونکە ئیمرۆ لە سەردانتان دەستت پێشخەریم کرد ، هەڵەکە هی من بوو زۆری خایاند ٠
دالبانیزۆ :ـ تێ گەیشتم ٠٠٠ تێ گەیشتم ٠٠٠ فەرموون ٠٠ فەرموون٠٠ تکایە زوو زوو سەردانمان بکەن ٠

* * *

بەندی چوارەم

( لەبارەی مێژووی ئەدەبەوە ، لە بارەی ئەو سێ ماشینەی بۆ گەڕەکەکە هاتن ، و لەبابەت ئەو مانگایانەی گوانیان بەنا و گەڵدا شۆڕبوەتەوە و دەربارەی چەند بابەتێکی تر ) ٠
دالبانیزۆ :ـ کچم سەیرکە لە پێناوی تۆ کێم لەگەڵ خۆم هێناوە ٠
شاعیر :ـ ئێوە ؟ فەرموو ٠٠٠٠
( شاعیر دەیەوی چاك وچۆنی لەگەڵ کچەکە بکات )
کچەکە :ـ ( لەپر دەستی دەکێشیتەوە ) ئیمرۆش هەروا تەوقەم لەگەڵ ناکەیت ،چونکە من هێشتا بەباشی چاك نەبویمەوە ٠
شاعیر :ـ هەفتەیەکە نەمتوانیوە سەرتان لێبدەم ، لە کاردا نقوم بویم٠
کچەکە :ـ دیوانەکەت تەواو نەبوو ؟
شاعیر :ـ پێری کۆتایم پێ هێناو بۆ چاپم رەوانە کرد٠
کچەکە :ـ هەموو شیعرەکانتی تیایە ٠٠٠ وانیە ؟
شاعیر :ـ بەڵی نزیکەی هەمووی دەبێ ، لەکاتی شیعرەکانم ریزدەکرد ، شتێکی سەیرم بۆ دەرکەوت ،( کورسیەکەی لە جێگای کچەکە نزیك دەکاتەوە ) بوونی تۆ لەم ساڵی دواییە دا هۆی دروست بوونی زیاتر لە نیوەی شیعرەکانمە تۆ بۆمن نمونەی٠٠٠
( کچەکە دەکۆخی )
کچەکە :ـ بریا تۆزی لە دوورتر دانیشتبای ٠٠٠ چونکە من هێشتا بە

باشي چاك نەبويمەوە ، نەخۆشيەكەشم لە قۆناغي بلاوبوونەوە دايە •

شاعير :ـ هيچ نيە ، شۆخەكەم ، تۆ چاك دەبيەوە ، من ئامادەم بۆ هەموو شتێك كە لەتۆوە بۆم بێ •

كچەكە :ـ ديوانەكەت زۆر گەورە دەبێ ؟

شاعير :ـ وابزانم نزيكەی (٢٠٠) لاپەڕە دەبێ ، سەيركە ! ديوانەكەمم كتێبێكي ئەستور بەرگي لە قايشي رەش بوو ، دێرەكاني وەكو فرمێسكي چاوە كلدارەكاني ئافرەتێكي رۆژهەلاتي دەكەوتنە سەر لاپەڕەكاني كاغەزي سپي كەبەچەشني سەرتويێژ خۆي دەنوێني ، تۆ ، ئەي شوخە نازدارەكەم ، زۆرحەزت لە شيعرەكانمە ، وانيە ؟ ئەو پرسيارە كلاسيكيەت بەردەوام لێ دوپاتە دەكەمەوە ، لەبەر ئەوەی تۆ يەكەمين رەخنە گري مني ، مێژووی ئەدەب ئەم راستيە بە پوختي بۆ نەوە دوای نەوە ئەگێڕێتەوە ، مێژووی ئەدەب ناوی تۆی وەكو مريەمي عەزرا داوەتە كوڵ و شانبەشاني مني شەت و پەت و بێچارە وەكو عيسای لە خاچ دراو لەسەر لاپەڕە زبرە ئەستورەكاني دەپارێزی •

كچەكە :ـ ئای قسەكانت چەند ناسكن •

( شاعير كورسيەكەی لە جێگای كچەكە نزيك دەكاتەوە )

شاعير :ـ توخوا بە راستنە ؟

( دەستي درێژ دەكات )

كچەكە كۆخە دەيگری ، شاعير كورسيەكەی دەكێشێتەوە و هەوڵ دەدات ئەوە لە كچەكە بشارێتەوە ، بەلام كچەكە هەستي پێ دەكات •

كچەكە :ـ چاوت لێ يە ؟ ئەوە هەميشە پيشەی منە ••• دەبي ئێوەش ئاگاتان لە خۆبێ !

شاعیر :ـ شۆخەکەم چـۆن ؟ لە مەبەستت تێ ناگەم ٠٠٠
کچەکە :ـ دەی ٠٠٠ قسەکەت تەواو کە،نووسینی شیعر ٠
( دەنگی ترپەی پێ دەهات لە پەیژەکە سەردەکەوت )
کچەکە :ـ دیسان چی روویداوە ؟
( دەنگی ترپەی پێ یەکە لە دەرگا نزیك دەبێتەوە )
کچەکە :ـ ئەوە میوانمان هات ٠٠٠
( لە دەرگا درا )
دالبانیزۆ :ـ وەرە ژوورەوە ٠٠٠٠
( دەرگاوان بە شێواوی دێتە ژوورەوە )
دەرگاوان :ـ مسیۆ دالبانیزۆ ٠٠٠٠ مسیۆ دالبانیزۆ ! ٠٠٠٠
دالبانیزۆ :ـ چی یە ؟
دەرگاوان:ـ میوانتان هات وا لەرێگان ٠٠٠
دالبانیزۆ :ـ باشە بەخێر بێن ٠
دەرگاوان:ـ لە پیاو ماقولانیشن ٠
دالبانیزۆ :ـ مەبەست لە ( پیاو ماقولان ) چی یە ؟
شاعیر :ـ لەوانەیە هەڵەیەك بووبێ ، رەنگە لە دوای من بگەرێن ، لەـ وانەیە خاوەنی ئەو چاپخانەیە بێ کە دیوانەکەم داوەتێ ٠
دەرگاوان :ـ نا ٠٠٠ نا پرسیاری تۆ ناکەن ، نا پرسیاری دکتـــۆر دەکەن ، پێاویك و ئافرەتێکن ماشێنێشیان پێ یە ، جالێکی ـ دەوە من ئەوە دەساڵە لێرە دەرگاوانم تا ئێستا نەمدیوە ماشێن بۆ ئێرە بێ ، تەنها دوو جار نەبێ ، لەو نهۆمەی سەرەوە کابرایەکی پەرەوازە دەژیا دەڵێن گویا لە شوێنی خۆی بە رێوو جێ بووە ، هەموو سەروماڵی لەرێی قوماربازی داناوە ، هاتە دولاریان بۆ سوال کردن ، ئێوارەیە دیمان مردووە ، نامەیەکی راسپێری بەجێ هێشتبوو تیایا نوسیبوی تەرمەکەی بە شێوەیەکی گالتەجاری بەرێ بکەن ، ماشینێکی

بەو پارەیەی کەبە سوال کردن کۆی کردبۆەوە بەکرێ بگرن و لە شوێنێکی بە پلەو پایەی بەرز بیشارنەوە ، ئەوە یەکەم ماشین بوو هاتە ئەو گەڕەکە ، دوای چەند ساڵێك ئاگر لەو ئوتوخا ـ نەی بەرامبەرمان بەربوو ماشێنێکی ئاگر کوژێنەوە هـــات، بەلاّم ئەو ماشێنەی ئێستا لە خوارەوە وەستاوە میوانی ئێوەـ یە ، نەهی گواستنەوەی تەرمەو نەهی ئاگر کوژاندنەوەیـــە ،، هەر دەڵێی ماشێنی مستەر کلاّینە ، زۆر گەورەیە ، هی پیاو ماقولانە ، دەبریقێتەوە ، وەکو ماشێنی پیاو ماقولەکان لە شارەکانی روژئاوا کە لەبەر دەم ساختمانە سپیە بەرزەکـــان وەستاون •

( لە دەرگا دەدری )

دەرگاوان :ـ واگەیشتن ( رادەکات و دەرگا دەکاتەوە ) فەرموو، فەر ـــ موون ئێرە ژووری دکتۆر دالبانیزۆیە •

( ولیامز لەگەڵ پاولینا دێنە ژوورەوە )

دالبانیزۆ :ـ ئێوە بوون لە منتان پرسیار دەکرد ؟

ولیامز :ـ ئەرێ من گەیشتمە ئەو شەرەفەی چاوم بە دکتۆر دالبانیزۆ بکەوێ ؟

دالبانیزۆ :ـ بەڵـــــێ •

ولیامز :ـ جێگەی شانازیە ئەگەر رێگا بدەن راوێژێکی تایبەتیتـــان لەگەلا بکەین •

( سەیری دەرگاوان و شاعیر دەکات )

شاعیر :ـ شۆخە کچ بەیارمەتیت ، تابەیەك گەیشتنەوە •

( دەچێتە دەرەوە )

دەرگاوان :ـ بەلاّم خۆمن نەناس نیم ، من ، رەنگە ناوی مستەر کلاّ ـــ ینتان بیستبێ ، کچەکەیم بۆ کونتیکی فرەنساوی خواست و

• • • •

دالبانیزۆ :ـ مەدام ئەگەر بە تەنیا جێمان بێڵی ؟
دەرگاوان :ـ باشە ، ئارەزووی ئێوەیە ، بەلام بۆ مەسەلەی کرێ کە ٠٠٠
دالبانیزۆ :ـ ئەی مەدام ٠٠٠
دەرگاوان :ـ وامن رۆیشتم( توقە لەگەڵ میوانەکان دەکات ) بە خواتان دەسپێرم، بەریز بەخوات دەسپێرم ٠

( دەچێتە دەرەوە )

دالبانیزۆ :ـ ( کچەکەیان پێ دەناسێنێ ) ئەوەش کچمە ٠٠٠ ئێستا هیچ شتێك نیە کە نەتوانین گفتوگۆی لەسەر بکەین بە ئامادەبوونی کچەکەم ٠٠٠٠
ولیامز :ـ کچی شۆخ هیوادارم سەخڵەت نەبی ئەگەر رێگا هەیە خـــۆم بناسینم ٠ من سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕی ترۆستم بـــــۆ پەیمانکاری چارەسەرکردنی سیل لە دولاریان ، ناوم ولیامزە ( هاوری یەکەی دەناسێنی ) ئەوەش خوشکە پاولینایە سەرۆکی پزیشکەکانی دەزگاکەمانە ، لەهەمانکاتدا سەرۆکی کومەڵـی پاراستنی مندالان و چاودیری کردنیان لەسەرتاسەری دولار- یـــان ٠٠٠٠

( بێ دەنگی ٠٠٠٠٠ کاتژمێر لێ دەدات )

دالبانیزۆ :ـ گویێم لێ یە ٠
ولیامز :ـ ئەم بەیانیە چاوپێکەوتنەکەی جەنابتانم لە رۆژنــــــامـە خوێندەوە ٠٠٠ دوزینەوەی ئەو دەرمانە بایەخێکی تایبەتــی لەلای من هەیە ٠
پاولینا :ـ دۆزینەوەیەکی ترسناك و گرنگ ٠
ولیامز :ـ بەو پێ یەی من کابرایەکم لە هەموو کەسێکی تر لە سەرتا- سەری دولاریان بگرە لە گشت جیهان زیاتر پەیوەندیم بـــە کاروباری سیلەوە هەیە ٠
پاولینا :ـ جا کام دەزگا دەتوانێ وەکو دەزگاکەی ئێمە گرنگی بـــە کاروباری سیل بـــدات ٠

ولیامز :ـ من بۆ ئەوە هاتووم لە بابەت ئەو دۆزینەوەیە گفتوگۆیەکتان لەگەڵا بکەم •••

پاولینا :ـ رەنگە رێکیش بکەوین •••

ولیامز :ـ بەرێز دکتور دالبانیزۆ ، بۆ ئەوەی قسەکانمان بە کورتی و دیار بن •••

دالبانیزۆ:ـ ئارەزووی ئێوەیە •••

ولیامز :ـ من لەوە دڵنیام کە ئێوە لەوانە نین بە زانستیەوە بنازن و گومانی تیانیە کە دەرمانەکەتان سەرکەوتن وەدەست دێنی ، ئەم بەیانیە کە نووسینی رۆژنامەکانم خوێندەوە ئەوەی بۆ سەلماندم •••

پاولینا :ـ بە هۆی هەوڵی بێ وچانتان بووە •••

ولیامز:ـ بۆ ئەوەی قسەکان کورت و چڕبن ، بۆ سەرکەوتنی کارەکەتان پێویستیتان بە دارایی هەیە ، بە سەرمایە ، بە رادەیەکی زۆر •

دالبانیزۆ :ـ بەڵێ •

ولیامز :ـ ئێستا لەبەرئەوەی توانای ئەوەتان نیە پارەی ئاوبدەن ،ئاـ ئاوتان بڕاوە •

پاولینا :ـ بەم زوانەش کارەباتان دەبڕێ •

دالبانیزۆ :ـ بەڵێ •

ولیامز :ـ من دەتوانم بە ناوی دەزگاکەمانەوە ، سێ بەقەد دارایی پێویستت پارەت بۆ تەرخان بکەم تا کارەکەت ئەنجام بدەیت •

پاولینا :ـ سەرەرای ئازمونگایەك بە گشت کەلوپەلەوە •

دالبانیزۆ :ـ ئەوەی دەڵێن بە راستتانە ؟ بەڵێ ئێوە ڕاستگۆن، منیش چاوەروانی ئەوەم دەکرد ، ئەوەیە خێرو بەرەکەتەکە •

ولیامز :ـ ئازمۆنگایەك بە گشت کەلوپەلەوە •

پاولینا :ـ بەلکو چەندەها ئازمۆنگا ۰۰۰
ولیامز :ـ هەرچەندەی پێویستت بە دارایی هەبێ ۰
دالبانیزۆ :ـ لەوە دلنیابووم کەلە ئەنجامدا خێرو بەرەکەتم بۆ دەجولێ ۰
ولیامز :ـ دکتۆری خوشەویست بۆ ئەوەی قسەکانمان ۰۰۰۰
پاولینا :ـ کورت و دیار بن ۰
ولیامز :ـ بۆ دەست بەجێ هێنانەدی داواکاریەکەتان من پێشنیاریـــکم هەیە ۰۰۰۰
پاولینا :ـ پێشنیارێکە هەڵبەتە بەبێ سێ و دووکردن دەبێ پـــێی رازی بی ۰
ولیامز :ـ قەواڵەیەك دەنووسین ، هەردووك لامان لەسەری مۆر دەکەین ۰
دالبانیزۆ :ـ ئامادەم بە گشت پێشنیارێکتان رازی بم ، ئەوەش بەسە ۰۰
ولیامز :ـ بەپێی ناوەروکی رێکەوتنمان ماددەی یەکەم دەڵێ :ـ
تەواوی نهۆمی خوارەوەی ساختمانی کێڵگەکەی من لەفاست وێست ۰۰۰۰
پاولینا :ـ بە تەواوی ئامادەیە ۰۰۰
ولیامز :ـ تەرخان دەکرێ بۆ ئەوەی ببێتە ئازمۆنگاتان ۰
دالبانیزۆ :ـ زۆر باشە ۰
ولیامز :ـ ماددەی دووەم :ـ یەك ملیۆن دولار لەژێر فەرمانتان دادەبێ ۰
پاولینا :ـ بەپێی پێویستیش زیاد دەکرێ ۰
دالبانیزۆ :ـ ئەوە داراییەکی زورە لە پێویستیش زیاترە ۰
ولیامز :ـ ماددەی سێ یەم / ئەو کارانەی کە دەزگاکەمان وە ئەستۆی گرت بەرامبەری یەك کاری تۆیە ، جەنابی دکتۆر ۰۰۰
دالبانیزۆ :ـ هەڵبەتە منیش بەزووترین کات بەبەکار هێنانی دەرمانەـکە هەڵدەستم ۰۰۰۰
ولیامز :ـ نـــا ۰۰۰
پاولینا :ـ ئەوە ماددەی سێیەم نیە ۰۰۰۰

دالبانیزۆ :ـ ئەدی چی یە ؟
ولیامز :ـ کارەکە ئەوەیە ، دکتۆر دالبانیزۆ هەڵدەستێ بە چارەسەرکردنی رەشە و لاخەکانمان کە ژمارەیان ٢٥٥ سەر دەبێ لە کێڵگەی فاست وێست بۆ ماوەی شەش مانگ لە رۆژی مۆرکردنی قەواڵەکە ٠
دالبانیزۆ :ـ جا خۆمن بەیتار نیم ! ٠٠٠
ولیامز :ـ با ماددەی سێ یەم تەواو بکەم / لە ماوەی ئەو شەش مانگە دا خۆی تەنیا بە چارەسەر کردنی و لاخەکان خەریك دەکات و هیچ کارێکی تر ناکات تا بگرە ئەگەر کارەکە تیوریش بێ ، وەنابێ بە هیچ تاقیکردنەوەیەك هەلبستێ هەرچەندە ئەگەر سادەش بێ ، تەنیا لەو بوارەدا نەبێ ٠
پاولینا :ـ ماددەی چوارەم / سەرۆکی پزیشکان لە دەزگاکە دا ، یانی من ، سەرپەرشتی جێ بەجێ کردنی ناوەرۆکی ماددەی سێ دەکات ٠
ولیامز :ـ دکتۆری خۆشەویست ، ماددەی سێ یەم و چوارەم تێ گەیشتی ؟
دالبانیزۆ :ـ نا ، نا نانا ، ئێوە بەو مەرجە ئازمۆنگایەك و پارەم دەدەنێ ،کە من شەش مانگ بۆ ئێوە کاربکەم ، هەموو کارێکی تری خۆم بە جێ بێلم ، بۆ چارەسەرکردنی رەشەو لاخەکانی ئێوە ٠٠٠ ئەی دەرمانی ( سیرۆم ) چی و ئەی دەرمانی دالبانیزۆ ؟
ولیامز :ـ دوای شەش مانگ دەگەرێیتەوە سەر کاری جارانت ٠
ماددەی پێنجەم دەڵێ / لەوکاتەی دکتۆر دالبانیزۆئەو کارەی کەلە ماددەی سێ یەم دا هاتوە بە باشی بباتە سەر ، ئازمونگاو یەك ملیۆن دو لارەکە دەبێتە هی خۆی ٠
پاولینا :ـ چاوت لێیە ؟ یانی ئێوە هەرچۆنی بتانەوێ دەتوانن پاش ئەو شەش مانگە کار لە دەرمانەکەی خۆتاندا بکەن ، ئازمونگاکە ئامادەیەو پارەش خۆ ئەوا لە دەست دایە ٠

دالبانیزۆ :ـ گاڵتەتان پێدێ ؟! من دەرمانی سیلم دۆزیوەتەوە ••••••
مرۆڤایەتی رزگاردەکەم •
پاولینا :ـ راستە •
ولیامز :ـ بەڵام ئەوەیان مەسەلەیەکی گشتی یە •••
دالبانیزۆ :ـ سەرەڕای ئەوە دەبێ کچەکەم لە زووترین ماوەدا رزگارکەم،
بەڵام لە دوای شەش مانگ •••
پاولینا :ـ مەسەلەی لێ تۆژینەوە لە پێش هەموو شتێك دایە ••••
ولیامز :ـ مەسەلەکە بازرگانیە••• کێ هەیە پارەیەکی وا بەبێ بەرا ـ
مبەر بداتە کەس •••
کچەکە :ـ بابە •••
دالبانیزۆ :ـ چیت دەوی ؟
کچەکە :ـ قەیناکا ، بابە ، بامن بمرم ، بەڵام تۆ مەبە پزیشکی رەشە ـ
وڵاخان ، بابە •••
پاولینا :ـ کچێ ئەوە بێزت لە رەشەوڵاخان دەبێتەوە ، تکایە ،جاخۆ
ئەوە شەرمی پێناوی ، من سەرۆکی کۆمەڵەی پاراستنی گیاندارا ـ
نم لە دولاریان ،بە هیچ جۆرێك رازی نابم پەلارم تی بگرن •
کچەکە :ـ بەڵام ئێوە •••
ولیامز :ـ خوشکە بەڕیزەکان ، با ئەو باسە ببڕینەوە ، دکتۆر گەورەم
وا دانەیەك لەو قەواڵەیەت لە لا بەجێ دێڵم تۆش تەواو بیری
لێ بکەوە ! ماوەی شەش مانگیش زوو دەڕوات ••• واش مەزانە
دوای ئەو شەش مانگە ••• جگە لە ئێمە کەسی تر چ جۆرە
پێشنیارێك بکەن لە بابەت کارەکەتان ، سەرەڕای ئەوەی کچە
ئازیزەکەشت سوود لە ئاوو هەوای ناو کێڵگە وەردەگرێ ، شەش
مانگ ماوەیەکی کورتە ، بەو مەرجەی بە زوویی دەست بە کار
بکەیت •
دالبانیزۆ :ـ یانی رەشەوڵاخەکانتان چارەسەر بکەم !•

پاولینا :ـ بەڵێ ، چارەسەری ئەو گیاندارە بەستەزمانانە ٠٠٠
ولیامز :ـ ئەوەش یارمەتی تان دەدات بۆ ئەوەی لە چارەسەرکردنی کچەکەت دا دوانەکەوی ، دکتۆر تەواو بیر کەرەوە ، ئەمەوەش دانەیەك لە قەواڵەکەیە لە سەر مێزەکەتان بەجێ دێڵم و تەلەفونەکەشم لەسەری تومارکراوە ، گەورەم جابەخواتان دەسپێرم ٠
پاولینا :ـ بە خواتان دەسپێرم ٠
ولیامز :ـ بە خواتان دەسپێرم ، کچەکەم گیاندارتان خۆشبوێ و بەزەییتان پێی دابیتەوە ، مەسیح وادەفەرموێ ٠
دالبانیزۆ :ـ بەخێرچن ، بەخێرچن قەواڵەکەش لەگەڵ خۆتان بەرنەوە و من مۆری ناکەم ٠
ولیامز :ـ قەیدی ناکا ، بالێرەبێ !
پاولینا :ـ بیر لەو کارە بکەرەوە ، دیکارت دەڵێ( من بیردەکەمەوە ، کەواتە من هەم ) ٠

( دەچنە دەرەوە )

( دەنگی هۆرنی ماشێن دێ )

کچەکە :ـ رۆیشتن ٠
دالبانیزۆ :ـ ماشینەکەیان هەر دەڵێی رەشەولاخە ، وەکو مانگای لێدراو دەبۆڕێنی ٠
کچەکە :ـ بابە پشووت فراوان بێ ، وبیری لێ مەکەوە ، با ئەوانەش برون خۆ هیتریش هەردێن ٠
دالبانیزۆ :ـ ئاخر من هیچ لەوە تێ ناگەم ، هەر هیچ ، ئەوانە شێتن ؟ من دالبانیزۆم ، من ئەوکەسەم بەیەك دەرزی میکرۆبی کوخ دەبەزێنم ، ئاخر چارەسەری رەشەولاخان بکەم ؟ ئەو گیاندارە قوچ گەورەو ملە ستورانە ٠٠٠ ئەو مانگایانەی گوانیان هەروەکو کیسە شۆڕبویتەوەو بە موو داپۆشراوە ، بێ گومان ئەوانە گاڵتەم پێ دەکەن ٠
کچەکە :ـ بابە ، رەنگبێ ویستبێتیان تاقیت بکەنەوە ٠

دالبانیزۆ :ـ تاقی کردنەوەی چی ؟
کچەکە :ـ ئاخر خۆ تۆ رۆمانێ ناخوێنیتەوە تابزانی مەسەلەکە چی یە زۆر کەس لە پێناوی ناسینی دڵدارەکەیان پەنا دەبەنە بەر ئەو جۆرە تاقی کردنەوانە ٠٠٠
دالبانیزۆ :ـ تاقی کردنەوە٠٠٠ تاقی کردنەوەی من ؟ قسەکردن ٠٠٠٠ مەحاڵە ٠٠٠مانگاکان ، گوانەکانیان لە بەینی هەردوو ران وەکو کیسە شۆڕ بوینەوەوبە موو داپوشراون ، شەش مانگ ٠٠٠ کــوا ئەو کاغەزەی کابراکە بەجێی هێشت ٠٠٠( لەوکاتە دەیــەوێ بیدرێنی لە دەرگا دەدری ) دەبێ ئەوە کێ بێ ؟ وەرە ژوورەوە !
شاعیر :ـ ( دێتە ژووری ) ئەوە منم مامۆستا ٠٠٠ لەبن هەیوانەکــە پیاسەم دەکرد، گوێم لە دەنگتان بوو گوتم رەنگە سوودێــکتان پێ ببەخشن ٠٠٠ وابزانم میوانەکانتان بە تەواوی کاریان کردە سەر مێشکتان ! ٠٠٠
دالبانیزۆ :ـ ( کاغەزەکەی پیشاندا ) ها بگرە ٠٠٠ ئەو کاغەزەی بخو- ێنەوە ٠٠٠٠ چی لی تیگەیشتی پێم بڵێ ٠
شاعیر :ـ ( دەیخوێنێتەوە ) ئای لەو خێرو بەرەکەتە ٠٠٠
دالبانیزۆ :ـ کێ ؟ دیارە تا ئێستا هەر لە ماددەی دووەمی ؟
شاعیر :ـ بەڵێ ، بمبورن بەلام ناتوانم تی بگەم کە هۆی سەخڵەتیتــان لە مە چی یە ٠
دالبانیزۆ :ـ تەواو بیخوێنەوە ٠٠٠ ماددەی سێ یەم و چوارەم ٠٠٠
شاعیر :ـ ( بەردەوام دەبێ ) چی ؟ ئای لەو بی قیمەتیە ! لەو بێ شەر- میە ! ( بە کچەکە دەڵێ ) ببوورە ! قەت شتی وانـــابـــی٠٠٠ مەحاڵە !
دالبانیزۆ :ـ باشە پێشنیاری تۆ چیە ؟
شاعیر :ـ ئەو کەسەی لە رووی ئەو هێرشە دروندانەیە بوەستی نیشانەی پاکو خاوێنیەتی بۆ زانستی ٠

کچەکە :ـ بەڵام لێرەدا ئەگەرێك هەیە ۰۰۰

شاعیر :ـ مامۆستا بڕواتان هەبێ ۰۰۰۰ بەسەربەرزیەوە دەڵێم کەوشەکا ـ نم ئاو دەدەڵێنن و پاڵتۆی زستانەشم نیە ، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ملیۆنەها قسەی بەو مەرجانە تێ هەڵدەدەم بەبێ هیچ دوو دڵــی کردن ، ووشەی ( نایکەم ) ووشەیەکی لاوازەو ، ئەو ووشەیە بـــە رەسەن نازانم نـا ۰۰۰ من ئامادەم بەیەك رستەی دەروون بڕ ، بە ووشەیەکی رەسەن تر ڕەتی کەمەوە ۰

پیدرۆ :ـ (لە لایەکی دەرگاکراوەکە بەدیار دەکەوێ ) شاعیر جاریکی تـر هەڵدەچی ! ۰۰۰ مامۆستا بۆم هەیە بێمە ژوورەوە ؟

دالبانیزۆ :ـ فەرموو ۰۰۰

شاعیر :ـ پیدرۆ گیانەکەم ، چۆن هەڵناچم ؟ سەیری ئەو پیشنیارە بکـە سەرۆکی تەندروستی داویەتی ، پێش کەمێك لێرە لای مامۆستـا بوون و ڕۆیشتن ۰

پیدرۆ :ـ مامۆستا ڕێگا هەیە ؟

دالبانیزۆ :ـ فەرموو بیخوێنەوە ۰۰۰

پیدرۆ :ـ ( کاغەزەکە دەخوێنێتەوە ) ئای لەو ڕێویانە ! ئەوە چ شـتێکی لە ژێر دایە ؟

دالبانیزۆ :ـ چۆنت زانی ؟

پیدرۆ :ـ شتەکە هەر لە ماددەی یەکەمەوە دیارە ، ( دەیخوێنێتەوە ) بۆنی ڕاوێکی چاکی لێدێ ۰۰۰ ( دەیخوێنێتەوە ) مەسـەلەکە وەك ڕۆژ روونە ۰۰۰ هەڵبەتە ۰۰۰ فەرموو مامۆستا ! ۰۰۰

دالبانیزۆ :ـ ئێوە لەو کارە ڕاتان چیە ؟

پیدرۆ :ـ هیچ نیە مەسەلەکە ئابوری سیاسیە ۰۰۰ ئەو ئیشانە جارێکـی تر دووپاتەی دەکەنەوە کە پێویستە زانستی ئابوری سیاسی نـەك تەنیا هەڵسێ بە پێکەوە بەستنی پەیوەندی نێوان هەموو شتەکـان بەڵکو ئەو پەیوەندیەی کە لە مابەینی هەموو خەڵکیش هەیە ۰۰۰۰

دالبانیزۆ :ـ ئەو هەموو شتە بوو کە دەتویست بیلێی ؟
پیدرۆ :ـ بەڵێ ، ماموٚستا منیش کاغەزیکم هەیە زۆر بەوە دەچی ،تکایە بۆتان دێنم و بیخوێننەوە •
دالبانیزۆ :ـ ئەو کتێبە ئابوریەی کەلە لاتانە ؟ نا نا ، ئەوەم ناوێ قسەی کچەکەم نزیکترە و زیاتر ئاوەزم بڕی دەکات ، لە تیوریە ـ کانی تۆش ماقول ترە •••
کچەکە :ـ من دەڵیم رەنگە ئەوانە بیانەوێ باوکم تاقی بکەنەوە ،هەروەکو لە رۆمانەکان روودەدات •
شاعیر :ـ سەیرکەن ئەوە لە لای من گرنگ نیە ، لەوانەیە وابێ ، هەڵبەتە ئەوەش زیاتر پێ دەچێ ، تو ئەی شوخە کچ زۆر زیرەکی •
پیدرۆ :ـ گیانەکەم ••• گەورەم •
( بلاوکەرەوەی کتێب سەری لە دەرگای کراوە خواردەکاتەوە )
بڵاوکەرەوە :ـ بەرێزینە داوای لێ بوردن دەکەم ، لە یەکیك دەگەرێم ، دەرگاوانەکە پێی ووتم لەم نهۆمە دەژیێ ، لە بیرم چو ژمارەی ژوورەکەی لێ بپرسم ، ببورن کە سەخڵەتم کردن •
پیدرۆ :ـ باشە ، ئەوەی لێی دەگەرێی کێ یە ؟
بڵاوکەرەوە :ـ ناوێکی دوورو درێژی هەیە ، شتێکی وەك ( یان مارینو ـ سردیا ) یە •
شاعیر :ـ منم ئەوەی کە بەرێزتان لێی دەگەرێن ، جگەلەوەی کە ناوەکەم بە هەلە دەدرکێنن ، یان مارینو سەردیا نیە ، بەلکو یان مارینو ـ سردیایە •
بڵاوکەرەوە :ـ کەواتە جەنابتان خۆیەتی ، ••• ناو زۆر گرنگ نیە ، رێگا هەیە بێمە ژووری ؟
شاعیر :ـ ( سەیری دکتۆر دەکات )
دالبانیزۆ :ـ فەرموو ••••
بڵاوکەرەوە :ـ بەرێزینە ••• ئەی کچی شۆخ ( تەوقەیان لەگەڵ دەکات )

من بەڕێوەبەری کۆمپانیای بڵاوکردنەوەم ( کە تەنیا سەرچاوەی کتێبە ) ناوم ، ناو گرنگ نیە ، حەزلە ناوبانگ ناکەم ، دیوانە-کەی جەنابتانم وەرگرت ( مەبەستی شاعیرە ) ·

شاعیر :- مانای وایە پەسەند کرا ·

بڵاوکەرەوە :- ڕەنگە ·

شاعیر :- من دیوانی یەکەمم لە دەستنووسە شیعریەکانم بۆ کومپانیای بلاوکردنەوە نارد کە ئەو بەڕێزە نوێنەریەتی ·

بڵاوکەرەوە :- کۆمپانیای بڵاوکردنەوەمان خۆی تەنیا بۆ بڵاوکردنە-وەی سەرچاوەی نووسینەکان تەرخان کردوە ، ئاشکرایە چەندو تا چی رادەیەك گرنگی ناو لێرەدا هەیە ، ئەوەش بە تایبەتی لە ناوەکان دا دەردەکەوی ، وە بەو پێ یە ····

شاعیر :- دیوانەکەم لە چاپ دەدەن ؟

بڵاوکەرەوە :- بەڕێزینە ··· باوەڕم وایە ··· ئێوە لەمەوبەر شیعرەکا-نی ئەو بەڕێزەتان خوێندوتەوە ·

کچەکە :- من خوێندومەتەوە ··· بە تایبەتی کە شاعیری بەڕێز خۆی بە سۆزەوە بۆی خوێندومەتەوە ·

بڵاوکەرەوە :- تۆ دەڵێی چی ( روو لە دالبانیزۆ دەکات ) بمبورە ،ناو-تان نازانم ···بەلام لێرەدا ناو گرنگ نیە ··· ئێوە چۆنی لێ تێ دەگەن ؟

دالبانیزۆ :- کاتێ بۆ کچەکەمی دەخوێندەوە ،گوێم لە هەندێکی بوو ·· خراپ نیە ··· جوانە ···

بڵاوکەرەوە :- ئەی ئێوە کاکی بەڕێزو ··· ئازیز ؟

پیدرۆ :- لەم شوێنەش ناو گرنگیەکی وای نیە ، بەرای من شاعیرەکەمان لە بەرهەمەکانی بازاڕی سەدەی نۆزدەمە ·

شاعیر :- چی ····؟

دالبانیزۆ :- هیچی لێ تێ ناگەم ·

بڵاوکەرەوە :ـ ئای لەو وەڵامە کە پڕ بەپێستی خۆیەتی ! ئێستاکە ناو گرنگی هەیە ... دەفەرموون ناوی خۆتان بڵێن ؟!

پیدرۆ :ـ پیدرۆ .

بڵاوکەرەوە :ـ ئیشتان چی یە ؟

پیدرۆ :ـ گرنگی لەو کارەدانیە کە دەیکەم ، پێشەکی من گشت پێشنیارەکانتان ڕەت دەکەمەوە .

بڵاوکەرەوە :ـ بەداخەوە ...

شاعیر :ـ من زۆر حەز لە ...

بڵاوکەرەوە :ـ هیوا ش کە ... یەکەم بێ گومان ئێوە لە رووی شیعر دانانەوە خۆتان بە پارچەی وا خەریك دەکەن کە بەراستی دەروون بڕن ، کەبەراستی پارچەی شاکارن ، و ئامادەکراون هەروەکوچۆن هیندە سوورەکان لە ئەمریکا تۆمیان بڕایەوە ، لە سەدەی بیستەم پیرۆزباییتان لێ دەکەم .

شاعیر :ـ سوپاست دەکەم .

بڵاوکەرەوە :ـ ببوورە ... پێویست بە سوپاس ناکات ، دووەم ئەگەر دەتەوی سەرکەوی ئەوا ناوی خۆتان بگۆڕن ...

شاعیر :ـ ناوی خۆم ؟ ...

بڵاوکەرەوە :ـ بەڵێ ، یان مارینو و لەم شێوە ناوانە لە دەزگاکانی چەرخی نۆزدەم دەچن ... کەچی ناوی دۆن چین Don cin ، وەك ناوی کۆمپانیایەکی راگەیاندن ، چۆنە ؟ وەك ناوێکی هاوچەرخ ! لە بیرتان نەچێ ، ئێستا ناو لەو بوارەدا گرنگیەکی زۆری هەیە .

دالبانیزۆ :ـ بە خوا سەیرە !

شاعیر :ـ بەلام ...

بڵاوکەرەوە :ـ لە دوای ئەوە ( دەستی بۆ پیدرۆ درێژ کرد ) کاکی بەڕێز پێش کەمێك چیت ووت ؟ فەرمووی شاعیرەکەمان بەرهەمی چەرخی نۆزدەمە ، ئەوەش راستە .

شاعير :ـ ئەوە مانای چی یە ؟ چۆن ئەوە راستە ٠٠٠
بڵاوکەرەوە :ـ جۆرەکانی ئەو چنراوە جوانانەی کە ئێوە باستان کردن، بە کەلکی بازارەکانی سەدەی بیستەم نایەن ٠٠٠
پیدرۆ :ـ یان باشتر وایە ٠٠٠ داواکاریەکانی کریاری سەدەی بیستەم دیاری کراوە ٠٠٠
بڵاوکەرەوە :ـ جارێکی تر ئەنگاوتت ، کاك پیدرۆ ، بەڵێ ،ئەوە لەگەڵ خواستی کریارەکانمان رێکناکەوێ ، کتێبە ژمارەکراوو مۆرکراوەکانمانیان دەوێ ، کەلە سەر کاغەزی ژاپۆنی چاپکراوەو بەپێی خواستەکانی ئێمە ٠
شاعیر :ـ کاروبارەکە لە مێشکم تێکەڵ و پێکەڵ بوو ، تکایە بیگێرنەوە شێوازە ئاسان و راستەو خۆیەکەی ٠
بڵاوکەرەوە :ـ ئێستا قسەکە بەو شێوەیە ، بە داخەوە ناتوانین دیوانەکەتان لە چاپ بدەین ٠
شاعیر :ـ چــی ؟٠٠٠
بڵاوکەرەوە :ـ بەلام ئەگەر شیعرەکانتان بە پێی داخوازی ئێمە جیاکردنەوە ئەو کاتە ئێمە ئامادەین بۆ هەر کتێبێك لە دیوانەکــــــە دو لاریك پێشینە بدەین ٠
شاعیر :ـ مانای وایە ئێوە جۆرە شیعرێکی ترتان لە من دەوێ ٠
بڵاوکەرەوە :ـ بەڵــێ ٠
شاعیر :ـ چــۆن ؟
بڵاوکەرەوە :ـ ( هێندێ پوستکارتی لەبەرکی دەردێنی ) بۆ نمونە شیعری لەگەڵ ئەو وێنانە رێك کەوی ٠
کچەکە :ـ بامنیش سەیریان کەم ٠
شاعیر :ـ خوا لە بینینیان بتپارێزێ ! ٠٠٠ قەت یەك دەقیقە چاوت بەم دیمەنانە نەکەوێ ٠
بڵاوکەرەوە :ـ چۆنن ؟ کاکی بەرێز لەسەری رێکەوتین ؟

کچەکە :ـ تێ گەیشتم ٠٠٠ لەو کەوڵە دەگروێنن ٠
بڵاوکەرەوە ٠٠٠ بە پێچەوانەوە ٠٠٠ کچی جوان ٠٠٠ دەبێتە ملیۆنێر ٠
٠٠ شاعیری خوشەویست ئێستا هەزار دۆلارت پێشەکی دەدەمێوە دوای تەواو بوونی دیوانەکە ١٠ هەزار دۆلارت دەدەمی ، پێنج نووسراو بە پێی داخوازی ، لەگەڵ هەندێ کاری جوانکاری، هەڵبەتە ئەوەش بۆ بلیمەتێکی وەکو ئێوە جێ بەجێ کردنی ئاسانە، لە پڕ دەچنە ڕیزی خاوەن ملیارەکان ٠
شاعیر :ـ ناتوانم یەك دەقیقەی دیکە گوێت لێ بگرم ٠٠٠زووکە بڕۆ دەرەوە !
کچەکە :ـ ئەی شاعیری گەورە !
شاعیر :ـ سوپاست دەکەم !
بڵاوکەرەوە :ـ هەزار و پێنج سەد دۆلار پێشەکی بێ سێ و دوو ٠٠٠
شاعیر :ـ بڕۆ دەرەوە ٠٠٠
بڵاوکەرەوە :ـ کارەکە لەبەر دەستی خۆتە ( دەچێتەدەرەوە )
( بۆماوەیەکی کەم بێ دەنگی ، دەرگا بە هێز دەکرێتەوە ، دەرگاوان دێتە ژووری )
دەرگاوان :ـ دکتۆر واکابرایەك لە دەرگای ئێوە راوەستاوە ، دەبا هەرواش رابوەستێ ، سەرەڕای ئەوە ئێوە منتان لەبەر چاوی میوانەکانتان رووشکێن کرد، بۆیە نەهاتووم لە گەڵت چاك ببمەوە ، تەنیا بۆیە هاتووم پێت بڵێم مانگێکە کرێتان نەداوە ، بە پێی ئەو قەواڵەی لە پێشتانە ماوەی یەك هەفتەتان ماوە، دوای ئەو هەفتەیە بەبێ دوودڵی دەبێ ژوورەکان بە تاڵ کەن، هەتا ئەگەر کرێکەشتان بدەن ئەوا لەمەو دوا رێزتان لای من نەماوە ٠٠٠٠
دالبانیزۆ :ـ من و کچەنەخۆشەکەم فرێ دەدەیتە جادده ؟
پیدرۆ :ـ پیرەژن ، چاوت بکەوە ، میوانەکان تۆزی لەمەوبەر بۆ ئەو

کارە چەند قرۆشێکیان دایتێ ؟
دەرگاوان :- تۆ هیچ هەقت نیە ، بەخواتان دەسپێرم ... ماوەش یەك هەفتەیە ، جا چارەیەك لە خۆتان بکەن ، ئەوەش دوا سنووری مرۆڤایەتی یە لەگەڵ ئێوەم کرد .
( دەرگاوان دەچێتە دەرەوە بۆ ئەوەی بگاتەوە بڵاوکەرەوە کە تا ئێستا راوەستاوە )
دەرگاوان:- تا ئێستا راوەستاوی ؟ چاوەروانکە ... چاوەروانکە...
( پیدرۆ دەرگا دادەخات )
شاعیر :- ئیمڕۆ چیمان بە سەرهات ؟
دەنگی بڵاوکەرەوە :- ئەی شاعیری خۆشەویست ، تائێستا لێرەم پێشینە دوو هەزار .
پیدرۆ :- شاعیرەکەم چیڕۆکی تۆ ئاسانە ، لە بنچینەدا نهێنیەکە لە چیڕۆکی دکتۆر دایە .
کچەکە :- بەڵام من بە پێچەوانەی ئێوە ، واتێ دەگەم چیرۆکی باوکم هیچ نیە تەنیا تاقی کردنەوەیە .
دەنگی بڵاوکەرەوە :- پێشینە ٣ هەزار و دیوانەکەش بە ١٥ هەزار دۆلار ....
پیدرۆ:- نەخێر نە تاقی کردنەوەیەو نە شتێکی لەو شێوە دایە . ...
سەرەڕای ئەوەی چیڕۆکی شاعیر ئاشکراو ئاسانە ... زۆریش ئاسانە .
دەنگی بڵاوکەرەوە :- پێشینە چوار هەزار ...
شاعیر :- ( بە پیدرۆی ووت ) پیدرۆ چیت ووت ؟ چیڕۆکی من سادەیە ؟ جێگەی گرنگی پێدان نیە ؟ ئایا هونەرو شیعر گرنگی کەمترە لە زانستی پزیشکی ؟
پیدرۆ :- نەخێر خۆشەویستم بە پێچەوانەوە لە قسەکەم گەیشتی .
دالبانیزۆ :- کوڕم خۆت هێور کەوە ...

دەنگی بڵاوکەرەوە :ـ پێشینە چوار هەزار و دیوانەکە شانزە هەزار دۆلار ٠

شاعیر :ـ کاکی من ! مانای وایە ئێوە بەزەییتان بە مندا دێتەوە ؟ مانای وایە چیرۆکی من سادەیە ٠٠٠ چونکە شاعیرم و ئێوە دکتۆرن ، دکتۆر دالبانیزۆ ٠٠٠ پیاوێکی گرنگە ملیۆنێکیان داوەتێ ، لە پێناوی چاوەدێری رەشەوڵاخەکان بۆ شەش مانگ ٠

دەنگی بڵاوکەرەوە :ـ چوار هەزار ، شانزە هەزار ٠٠٠٠

کچەکە :ـ ئەو کابرایەی لە پشت دەرگا وەستاوە ، تێی هەڵدەن ٠

شاعیر :ـ نا ٠٠٠ ئەو کابرایەی لەوێ وێستاوە تێ هەڵنادرێ ، ئەگەر مێشکی تێکداون ئێوەش توانج لە من دەگرن و منیش بەرامبەر بەوە توانجم لە باوکت گرتوە ٠ نەخێر ئەو بەرێزەی لەوێ وەستاوە تێ هەڵنادری ، ئەوەی تێی هەڵدەدری خاوەنی سروشە کە رووناکی تا ئێستا لە ئێوە بردوە ٠٠٠

دەنگی بلاوکەرەوە :ـ چوار هەزار حەڤدە هەزار ٠٠٠

شاعیر :ـ وامن هاتم ( لەوانەی ژوورەوە ) خوا حافیز ٠٠٠

دەچێتە دەرەوە ٠

## بەندی پێنجەم

( گوگول ئەستێرەی شاعیریە بە ئاسمانەوە )

( حەوشەی سەر پەیژەکە )

بڵاوکەرەوە :ـ مانای وایە رێکەوتین ؟

شاعیر :ـ بەڵێ ، بۆ ئەوەی ئەوانەی لە ژوورەوەن لە رق و خەفەتان بتەقن

بلاوکەرەوە :ـ جوانە ، فەرموو ئەوە چەکەکەت بە چوار هەزار پێشینە ، ئەو قەواڵەیەش مۆرکە ٠٠٠ دوای یەك مانگی تردەبێ دیوانی یەکەم دەربچێ ٠٠٠

شاعیر :ـ بێ سێ ودوو ، بەڵام لێرەدا مەسەلەیەك هەیە ، ئەویش خاوەنی

سروشه ، تا ئێستا کچه سیلدارەکەی دکتۆر سەرچاوەی سۆزی شیعرم بوو ، بەڵام دیوانە تازەکە سەرچاوەیەکی جیاوازی دەوێ ....

بلاوکەرەوە :ـ من مێشکم لەوە بڕناکات ، بەڵام بەڕای من ئێمە کۆکابین و مۆرفین زامن بکەین ، ئەوەش زۆر گرانە ، بەڵام کۆکایین باشترە ...

شاعیر :ـ بەڵام خاوەنی سروش چی یە ؟ مەبەستم تێ گەیشتی ؟ خاوەن ... ( بێ دەنگی ) ئا دۆزیمەوە ...

( بەپەلە بەرەو دەرگای سۆزانیەکە دەڕواو بە توندی لە دەرگا دەدات ... ئەو دەرگایە بکەرەوە ... بکەرەوە ... زووبە ).

سۆزانی :ـ ئەوە کێ یە ؟

شاعیر :ـ بکەرەوە منم ...من ...

سۆزانی :ـ ( دەرگادەکاتەوە ) ئۆخ ... ئەوە بەرێزتانە ؟ تۆی برام ؟

شاعیر :ـ بیبڕەوە .... لەمەودوا نەبرام و نە هیچ ... بگرە ئەوە ٥٠ دۆلار ! برۆ ژوور ( پاڵ بە ئافرەتەکەوە دەنێ )

دەمەوێ هەموو لێهاتوییەکی هونەریت لە بەردەمم بنوێنی .. شیعر دەنووسم ...

دەچنە ژوورەوە

بڵاوکەرەوە :ـ ئەستێرەیەکی شیعری نوێ هەڵدێ .

کـــۆتـایـی بەشی یـەکـەم

## بــەشــی دووەم

کەسـانـی شـانـۆگـەریـەکـە :ـ

ــ دکتـۆر دالـبـانیزۆ

ــ کچی دکتـۆر دالـبـانیزۆ

ــ شاعیر

ــ ولیامز

ــ پاولینا

ــ پیاوی یەکەم بە جلـی رەسـمـی

ــ پیاوی دووەم بە جلـی رەسـمـی

ــ پزیشك

ــ بسکلـۆجی

ــ خاوەنی بیرەنەوت ــ تابلـۆفروش ــ وێنـەکێشی
ئاسکیمـۆیی

ــ بانگهێژکراوان لە پیاوو ژن

ــ فرایمان ــ روژنامە نووسەکان

تێبینی :ـ

لەبەشی یەکەم ئەوەی رۆڵـی بلاوکەرەوەی بینی :ـ بەرێـز
کەمال بەگ بوو ٠

### بەندی یەکەم

### دیمەنی یەکەم

جارێکی تر لە بابەت رادیۆیەك و چوار تەلەفون

فرایمان:ـ ( یەکێ لەو تەلەفونانەی زەنگ لێدەدات هەڵدەگرێ) هەلو !

دەنگی تەلەفونەکە :ـ هەلۆ ٠٠٠ هەلۆ ٠٠٠ ئەو شوێنە کوێندەرە ؟

فرایمان:ـ ترۆستە فیدراسیۆنی رۆژنامەکان بۆ پەیمانی ئارژانسەکانی دۆلاریان ٠

دەنگی تەلەفۆنەکە :ـ کێ قسەدەکات ؟
فرایمان:ـ فرایمان سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕی ترۆست ٠
دەنگی تەلەفۆنەکە :ـ بەڵی ٠٠٠من ولیامزم ٠
فرایمان:ـ ئەوەی نەخوشخانەی سیلداران ؟
دەنگی تەلەفۆنەکە :ـ بەڵی ٠٠٠
فرایمان:ـ چاوەڕوانی تەلەفونی ئێوەبووم ٠
دەنگی تەلەفۆنەکە :ـ دەزانم ، گوێ بگرە ، ئەو دەنگوباسانەی رۆژنامەـ کانتان دەربارەی کارەکانی دکتۆر دالبانیزۆ هەفتەیەکە بڵاوی دەکەنەوە ،جگە لە پیلانێك دژی من و دەزگاکەمان هیچی تـــر نەبوو ٠
فرایمان:ـ رەنگە ٠٠٠ بابزانین ٠٠٠ داواکاریتان چیە ؟
دەنگی تەلەفۆنەکە :ـ داواکاریەکەم بۆ تۆیە ماددەی یەکەم:ـ بزووتنەوە پیلانگێڕیەکانتان بەزی دکتۆر دالبانیزۆ بەو پیشنیارەی کـــە شەش رۆژ لەمەوبەر خستبومە بەردەمی قایل بوو ، هەروەکو چۆن پیاوەکانتان ئەو بەیانیە باسەکەیان پێ گەیاندن ٠
فرایمان:ـ لە قوناغی دوایی ئەو چیرۆکە ئاگادارنیم ٠
دەنگی تەلەفۆنەکە :ـ بەپێی ئەوە ئێوە یەك سەنت لەمن وەرناگرن ٠
فرایمان :ـ هەرئێستا دەست بەجێ بابەتەکە لە بڵاوکردنەوە رادەگرین٠
دەنگی تەلەفونەکە :ـ نا ٠٠٠ گوێ بگرە٠٠٠ ماددەی دووەم / لە بڵاوکرـ دنەوەی بەردەوام بن ، بەڵام بە شێوەیەك تەواو راستی دکتـــۆر دالبانیزو لە خەڵکی بگەیێنن ٠
فرایمان:ـ تێ گەیشتم، ماددەی سێ یەمتان چیە ؟
دەنگی تەلەفۆن:ـ ئەو ماددەیە دەربارەی ئەو پارەیە کە لە دوای یەکـەم نووسین لەمنی وەردەگری ٠
فرایمان :ـ ئوڵ رایت ( زورباشە ) ٠( تەلەفونەکە دادەنێ، تەلەفۆنیکی تر هەڵدەگرێ )٠ هــــەلــــۆ ٠

تەلەفۆنی ژمارە ۲ :ـ هەلۆ
= = ۳ :ـ هەلۆ
= = ٤ :ـ هەلۆ

فرایمان :ـ بنووسن ، دکتۆر دالبانیزۆ کە داوای زانستی دەکرد ، لە فالچیەك زیاتر نەبوو ، وا بەبەیتار لە لایەن نەخۆشخانەی ترۆست دامەزرێندرا ، هەروەها کۆتایی چیرۆکەکەش ئاشکرایە •

تەلەفۆنی ژمارە ۲ :ـ ( تەلە فۆنەکە دادەنی ، بە نووسەری چاپ دەڵێ ) بنووسە •

تەلەفۆنی ژمارە ۳ :ـ (تەلە فۆنەکە دادەنی ، بە نووسەری چاپ دەڵێ ) بنووسە •

تەلەفۆنی ژمارە ٤ :ـ (تەلە فۆنەکە دادەنی ، بە نووسەری چاپ دەڵێ) بنووسە •

تەلەفۆنی ژمارە ۲ :ـ روونکردنەوەیەکی گرنگ لە ترۆست پەیمانگاکانی رۆژنامەگەری ئارژانسەکانی دۆلاریان ، بەو ئامانجەی ناما- نەوی خوێنەر زەلیل کەین •

تەلەفۆنی ژمارە ۳ :ـ خوێنەرە بەرێزەکان ، ئەو دکتور دالبانیزۆیەی یەك هەفتەیە بە بەژن وبا لایا هەڵدەدەین گوایا دەرمانی سیلی دۆزیوەتەوە ، تەنیا فاڵچیەك بوو کە داوای زانستی دەکرد •

تەلەفۆنی ژمارە ٤ :ـ دکتۆر دالبانیزۆ ریسوابوو ، هەروەکو ئەو لیژنە- ی مامۆستایانی سەربە ئێمەی هەڵخەلەتاندبوو ، سەرەرای رای گشتی •

تەلەفۆنی ژمارە ۲ :ـ بەو پێ یەی یەك هەفتەی تەواو بو بووینە دەسکە- لای ساختەچیەکی پیس •••••

تەلە فۆنی ژمارە ۳ :ـ دکتۆر دالبانیزۆ سەرکێشێکی نێو نەتەوەییە ••

تەلەفۆنی ژمارە ٤ :ـ خۆمان کردە بەربەستێکی بە هێز لە رووبەروو ی

چالاكی ئەو كابرایەی دەیەویست زانستی دۆلاریان لە بەردەم
مێژوو پیس بكات ، دكتۆر دالبانیزۆ لە بەیتارێكی رەشەولاخان
زیاتر نەبوو •

تەلەفۆنی ژمارە ٢ :- ترۆستی چارەسەركردنی نەخۆشی باشترین دەزگای
چاكەویستی جیهانیە ، وەبەڕاستی كارێكی رەوشت بەرزانەی
كرد ئەو كابرا بە سەزمانەی بە بەیتار لە دەزگاكەی دامەزراند •

تەلەفۆنی ژمارە٣ :- جاریكی تر ئاشكرابوو كە بە موتوربە چارەسەر
كردنی سیل مەحالە •

تەلەفۆنی ژمارە ٤ :- دەتوانین شانازی بە وولاتەكەمان بكەین كە
باشترین چارەسەركەری لەسەر خاكی خۆی كردوتەوە كە لە سەدا
سەد نەخوش چاك دەكەنەوە •

رادیۆ :- هەلۆ ••• هەلۆ ••• ئێرە رادیۆی دۆلاریانە ••• ئاشكرابوو
كەوا ئەو دكتۆر دالبانیزۆیەی یەك هەفتە ئێستگەو رۆژنامەكانی
خەریك كردبوو لە فالچیەك زیاتر نەبوو ، وە گشت مامۆستاكا-
نی زانكۆ دووپاتەی دەكەنەوە كە چاك بوونەی نەخۆشی سیل
مەحالە تەنیا تاكە رێگای چارەسەر كردنی لە نەخوشخانەیە •

## بەندی دووەم

## دیمەنی دووەم

لە بابەت كاركردنی دكتۆر دالبانیزۆ ، لە بابەت شوێنی
پونتی خۆر و خۆشەویستی گیانداران گەورەترین پەرستنە •

( ئاوازی تانگۆ لەدەرەوەی شانۆ )

سنیۆرینا ، ئەی خاوەنی دووچاوی رەش
دەبا گیانم لە یادبكەین كە كەوتوتە ناو ئاگرێكی سوتێنەر
سەبارەت بە چاوەكانت ، پەچەیان لەسەر هەڵماڵە

سنیۆرینا ‎٠٠‏ ئەی خاوەنی دووچاوی رەش‎٠٠٠‏ سنیۆرینا
ئەتوانم بێمە باوەشت سنیۆرینا ؟
سنیۆرینا ‎٠٠٠‏ سنیۆرینا ‎٠٠٠‏ سنیۆرینا
( ئازمۆنگایەکی گەورە لە خانوێکی لادێی ناو کێڵگەی (فاست وێست ) بۆ دکتۆر دالبانیزۆ تەرخان کراوە ، دالبانیزۆ لە کار نقوم بووە ، کچەکەی لە سەر کورسیەك دانیشتوە )
کچەکە :ـ گوێ بگرە بابە ، ئەرێ دەزانی ئەوە چ گۆرانیەکە لەو ئاهەنگەی نهۆمی سەرەوە دەیلێن ؟
دالبانیزۆ :ـ چ گۆرانیەك ؟ من لە بارێکی وادانیم بتوانم گوێ لە گۆرانی رابگرم ‎٠٠٠‏
کچەکە :ـ رەشەو لاخەکان تا ئەوپلەیە خەریکیان کردویت ‎٠٠٠‏ تا بەو چەشنە یەك سەعاتی تەواو بەو پەرداخە هیچ و پوچانەوە بکوژیت ؟
دالبانیزۆ :ـ چەند رەشەو لاخی سەر زەوی هەیە لەگەڵ شەیتان قریان بۆ بێت وا دوو مانگمان لەو شوێنە ماوە ، پاولیناش هەندێ چاوەدێری لە سەرم کەمتر کردوتەوە هەروەکو ئێشکگرەکانی گومرگی کۆن ( بێ دەنگی ) دوای ئەوەش مزگێنیەکم بۆ تۆپێیە ‎٠‏
کچەکە :ـ دەنگوباسێ لە بارەی پیدرۆ ؟
دالبانیزۆ :ـ نەخیر تائێستا هیچ دەنگوباسی لەمەر پیدرۆ وە نیە ‎٠٠٠‏ ئەو مەسەلەیە نیە ‎٠٠٠‏ هەستت بە هیچ نەکردووە ؟ وا نزیکەی یەك مانگە بە نهێنی خەریکی کارکردنم ‎٠٠٠‏ پاش ئەوەی دەست لەکاری ئێرە هەڵدەگرم ‎٠٠٠‏ ئەگەر پاولینا دەرگاکانی ئازمۆنگای گارەنەدابایە ، ئەو ئیشەی بەیەك مانگ بە قاچاغی خەریکم ، دەمتوانی بەرۆژێك لە ئازمۆنگاکە تەواوی بکەم ‎٠‏
کچەکە :ـ باشە تۆ چی دەکەی ؟
دالبانیزۆ :ـ دەرمان دروست دەکەم ، خەریکم دەرمانێك دروست دەکەم‎٠‏

کچەکە :ـ کام دەرمان ؟

دالبانیزۆ :ـ هەتا تۆش ؟ هەتا تۆش لەیادت کرد ؟ من کێم ؟ من بۆچی لێرەم ؟ یان من بە بڕوای تۆش بویم بە دالبانیزۆی بەیتار فاڵچی نیۆنەتەوەیی کە ئاگام لە ڕەشەوڵاخ بی و چاریان بکەم؟

کچەکە :ـ بابە ٠٠٠

دالبانیزۆ :ـ ئەگەر کار وابڕوا ، ڕەنگە پرسیار لە دەرمانەکەش بکەیت؟ کام دەرمان دروست بکەم ؟ تەنیا دەرمانی دالبانیزۆ ؟

کچەکە :ـ دەنگت نزم کەوە ٠٠٠ نەوەك گۆیان لێ بیت ! ٠

دالبانیزۆ :ـ باشە ، وەکو دزەکان قسەدەکەم ، ئەوشتەی ماوەیەکە پێ یەوە خەریکم بەتاڵکردنی دەرمانێك بوو ، ئێستا پاش دە دەقیقەی تر ئامادە دەبێ ٠٠٠ دوایی ٠٠٠

کچەکە :ـ بابە٠٠٠! پاش دە دەقیقەی تر دەرمانی سیل ئامادەیە ؟ ئەوە بەڕاستتە بابە گیان ؟

دالبانیزۆ :ـ لەسەرخۆ ، دەنگت بەرز مەکەوە ، گوێیان لێ دەبێ ، سەرەڕای ئەوەش دڵت بێ هیزبووە ، پێویست ناکات لەوە زیاتر هەڵبچی ٠٠٠٠

کچەکە :ـ ئەی باوکی خوشەویستم ٠٠٠٠

دالبانیزۆ :ـ ورەت بەرزبێ ، ئەوەیان لە ملی خۆتە ، بەڵام باری فیزیۆلۆجیت لە ملی من ، هیوات هەبێ و سەیری ئەو شووشەیە بکە ٠٠٠٠

کچەکە :ـ بابە ٠٠٠ تۆزەکی هێروەبینە ٠

دالبانیزو :ـ سەیرکە ، دەبینی چی تیدایە ؟ ئەوە دەرمانەکەیە ! ئەو دەرمانەی وام لی دەکا میکرۆبی کوخ پێ شێل کەم ٠

کچەکە :ـ یەکەم جار بۆکێ یە ؟

دالبانیزۆ :ـ چی دەڵێی ؟ دەرمانی یەکەم بۆ کێ یە ؟ تەواو نەبوو ، من و تو بڕیارمان لەسەر نەدا ؟ من یەکەمین شەڕ لەگەڵ میکرۆبی

کوخ لە سیەکانی تۆدا بەرپا دەکەم ، دوای دوو مانگ چاك دەبیتە-
وە ، نە سوور هەڵگەڕان و نە کۆخە و نە خوێن لێ هاتن سیەکانت
وەکو پەروانە ساغ دەبنەوە ، دڵت وەکو سەعات لی دیتەوە
، دەتوانی رابکەیت ، دەتوانی چۆنی بتەوی هاوار بکەیت ٠

کچەکە :- هەروەها پێوەری گەرماش وازلێ دێنین ، وانیە ؟

دالبانیزۆ :- یاخوا گشت گەرمی پێویێك لەگەڵ رەشەو لاخەکان بە دۆزەخ داچن ٠٠٠

کچەکە :- بابەگیان ! رەنگی دەرمانەکە چەند جوانە ، وەك دڵۆپە یە دڵۆپە رۆژێکی بچووك ٠

دالبانیزۆ :- هەڵبەتە ٠٠٠ وەکو رۆژ ! من دڵۆپێك لەو دەرمانە لە خوناوی تۆ هەڵدەسووم ٠

کچەکە :- بابە زووکە من ئامادەم ٠٠٠

دالبانیزۆ :- دەبێ پێنج دەقیقەی دیکەش چاوەروان بکەین ، پەلەکردن لەو پێنج دەقیقەیە کارەکەمان بە فیرۆ دەدات ٠

کچەکە :- بابە ، وەرە تەنیشتم دانیشە ، ئەو شووشەیەش بە دەستەوە بگرە ٠ من کە سەیری دەرمانەکە دەکەم هەست دەکەم سیەکانم پاك دەبنەوە ٠

( دکتۆر دالبانیزۆ لە تەنیشت کچەکەی دادەنیشی ، سەعاتەکەی بەدەستەوە گرتوەو شووشەی دەرمانەکەشی بەدەستی تری ، باوك و کچەکە پشتیان لە دەرگادەکەن ( بێ دەنگی ) کەم کەم دەرگا دەکرێتەوە ، پاولینا دیاردەکەوی ، لە دکتۆر و کچەکەی نیزیك دەبێتەوە ، بەلام بە سەری پەنجە دەڕوات )

کچەکە :- بابە چوار دەقیقەمان ماوە ٠٠٠

دالبانیزۆ :- پاش چوار دەقیقەی تر تۆ لە نەخۆشی ئازاد دەبی ،دەرمانی دالبانیزۆ یەکەم سەرکەوتن بەدەست دێنێ ، من فالچی نێونەتەوەییم ، من بەیتاری رەشەو لاخانم ٠

( پاولینا پەلاماری شووشە دەرمانەکە دەدا کە لە دەستی دکتـۆر دایە ،دەیدا بە زەویداو شووشەکە دەشکێ )
کچەکە :ـ بابە ٠٠٠
دالبانیزو :ـ (بە پاولینا ) هەی سۆزانی ٠٠٠
پاولینا :ـ پێویست بەو قسانە ناکات ، ئەو جورە قسانە نەنگیە لـە پیاوێکی وەکو تۆ ببیستریێ ، تابگرە گوێی کچە چکۆڵەکـان، لەو جۆرە قسانە ببیستن ٠
دالبانیزۆ :ـ گوم بە لێرە ٠٠٠ سەیرکە چیت کرد؟
کچەکە :ـ بابە گیان ٠٠٠٠
پاولینا :ـ بە ئەرکی سەرشانی خۆم هەڵسام ، ماددەی سێ یەم لە پەیمانـ نامەکە دیاری کراوە کە بەهیچ جۆرە کارێك هەڵناسی جگە لـە چارەسەر کردنی رەشەولاخەکانمان تا بگرە بە بیرکردنەوەو تاقی کردنەوەش بێ ٠
دالبانیزۆ :ـ هێشتاهەر دەرپێسی ؟ وەکو یەکێك لە میکرۆبەکانی کـوخ دەتخنکێنم ٠٠٠
پاولینا :ـ هێشتا میکرۆبی کوخت لە دەم نەکەوتوە ، مرۆڤی بەشەرەف بە وەفایە بۆ ئەو پەیمانەی کە مۆری دەکات ٠
دالبانیزۆ :ـ ئەی کچەکەم ؟!
پاولینا :ـ ئەوە مەسەلەی تایبەتی خۆتانە ، پێویست بوو لە پێشا بیری لێبکەنەوە، خۆکەس زۆری لێ نەکردبوون ٠
دالبانیزۆ :ـ واتان کرد من و کچەکەم فڕێ بدەنە سەر جاددە ٠
پاولینا :ـ نەخێر ، باشە بەلام برادەرەکەتان پیدرۆ دەرگای بۆ خستنە سەر پشت ، یارمەتی دان ٠
دالبانیزۆ :ـ ئەویش بزربوو ، بزربوونەکەش لە ژێر سەری ئێوەبوو ، هەر لە رۆژی دووەم ٠
کچەکە :ـ ئێستا تێ دەگەم ، رەنگە پیلانی کوشتنیان بۆ دانابی ٠

پاولینا :ـ نا ئەو تەنها کەوتە بەندیخانە ، پەندێکی فەرەنسی بەناو- بانگ دەڵێ ( پێم بڵێ لەگەڵ کێ دەژی تا پێت بڵێم تۆ کێی ٠٠ )
دالبانیزۆ :ـ ئای لەو سۆزانیە ٠٠٠
کچەکە :ـ بابە ٠٠٠
پاولینا :ـ بەبێ هیچ هۆیەك هەڵدەچن ، مەسیح ئەوکەسەی خۆشناوێ کە زوو هەڵبچێ ٠
کچەکە :ـ هەقت لەمن نەبێ من چاوەڕوان دەکەم ، من ئەو شتەم بینی وەك دلۆپەی رۆژ رووناکی دەدا ، هەست دەکەم تاپلەیەکی بەرز بە هێزم ٠
( دالبانیزۆ بۆ زەوی نوشتایەوە ، دەیەوێ شووشە تێکشکاوەکە هەڵگرێتەوە ،پاولینا پارچەکانی بە پا وورد و خاش دەکا )
پاولینا :ـ وازی لێ بێنە ، دەست لە شتێ مەدە کە پەیوەندی بە تۆ وە نەبی ، ئەو کارەت کارێکی قاچاغە ، ئەگەر بە مستەر ولیامز بڵێم پیلت دەگرێ و لە دەرگا هەڵت دەداتە دەرەوە ٠
دالبانیزۆ :ـ برۆ پێی بڵێ چی لە دەست دێ با بیکا !٠٠٠
پاولینا :ـ کارەکەنەگەیشتوتە ئەو پلەیە ، مەسەلەکەش بە فرێ دانی کچەکەت بۆ جاددە کۆتایی نایە ، چارەنووسی ئەوانەی سەرـ پێچی لە پەیمان دەکەن ئاشکرایە ٠٠٠
کچەکە :ـ بابە ٠٠٠
پاولینا :ـ دوا ئامۆژگاریم بۆ تۆ ئەوەیە ، لەمەودوا بۆخۆت پیاو بە ، مەسیح لە تاوانباران دەبوری ، منیش لەتۆ دەبورم ٠
دالبانیزۆ :ـ ئای لەو عەفریتە ٠٠٠
پاولینا :ـ پێویست بە قسەی پرو پوچ ناکات ، سەرەرای ئەوەش ئێستا لە تاوڵەی گەورە چاوەڕوانت دەکەن ، مانگا زەردە گەورەکە سەر لە نوێ تووشی نەخۆشی بوویتەوە ، ئازاریشی زۆر توندە ، دەبێ پەلە بکەیت بۆ رزگار کردنی ئەو گیاندارە بەسەزمانـ

نه ،خۆشەویستی گیانداران گەورەترین خواپەرستی یە ، بنه خواتان دەسپێرم ( بە کچەکەی دەڵێ) بە خوات دەسپێرم کچم، لە یاد نەکەیت بە باوکت بڵی و وای لێ بکەیت بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵسی چونکە ئەرك شتێکی پیرۆزە ٠

( دەچێتە دەرەوە )

بەندی سێ یەم

دیمەنی سێ یەم

لە بابەت دوو کابرای زوربلێ بە جلی رەسمیەوە ،وینەکێش تاتیای ئاسکیمۆیی ، لە بابەت هونەر بۆ هونەر و چونیەتی هەڵسانی پاولینا بە چارەسەر کردنی مەسەلەکە ٠

( نهۆمی سەرەوەی خانوە لادێی یەکەی ناو کێڵگە )

پیاوی بەجلی رەسمی

ژمارە ١ :ـ رات بە داهێنانەکەی ولیامز چی یە ؟

= = ٢ :ـ کاکی خۆم کابرایەکی زیرەکەو ئای ٠٠٠ ئەو ئاهەنگەی کە بەبۆنەی دەرچوونی نەخوشەکانی لەمەوبەر دەگێڕدرا ، بەراستی سەرکەوتوبوو ، یانی هەر نەخۆشێکی ولیامز چارەی کردبێ چاك بویتەوە ، تابگرە هیچیان نیشانەی نەخۆشیشیان هەر پێوە دیار نەماوە ٠

= = ١ :ـ لە سەرەتاوە نەخۆشەکان زۆر خرابوون ، بەلام ئێستا زۆر بەیان چاکتر بوینەوە و ئازاریان نەماوە ٠

= = ٢ :ـ لەوەش خۆشتر ، ولیامز ئەوە یەکەم ئاهەنگە لەو ساختمانەدا سازبکات ٠

= = ١ :ـ هەڵبەتە ، نهۆمی ژێرەوەش ئازمونگای فالچیەکەیە کە

بۆته دکتۆری رەشەولاخان ، لە نهۆمی سەرەوەش ئاهەنگی سەما دەبینی کەبەبۆنەی سەرکەوتنی چارەسەری نەخۆشەکان دەگێڕدری٠
پیاوی ژمارە ۲ :ـ ئەرێ بەڕاستی وایە دالبانیزۆی فالچی بە ناوی زانستەوە قسە دەکات ؟
= = ۱ :ـ باوەر ناکەم ، بەلام لەمەیان پێدرێژی کرد ، با هەندێ شتت لە بارەی سیلدارەکانی پێشوو بۆ باس کەم ، ئەو ئافرەتە قەڵەوەت دیوە لەودەرگایە راوەستاوە ٠
= = ۲ :ـ ئەوەی گرانیەکەی سەد کیلۆ دەبێ ؟
= = ۱ :ـ بەڵێ ، ئەوە ژنی سەرمایەدارێکی هۆڵەندیە ، خاوەنی کۆمپانیای پەنیرو رۆنە دڵداری ئەو پیاوە کەڵەگەتەیە لە تەکی راوەستاوە ٠
= = ۲ :ـ باشە ، ئەو پیاوە کەڵەگەتە زراوە کێیە ؟
= = ۱ :ـ ئەوە یەکێکە لە مامەلە چیەکانی ولیامز ٠
= = ۲ :ـ لەوە حالی نابم ٠
= =۱ :ـ کەواتە با حالیت کەم ، ولیامز کۆمەڵە گەنجیکی کۆنت و کۆنە ساختەچی هەیە ، دەیاننێرێ بۆ هەمو لایەکی ئەوروپا ، کاریان تەنیا پەیداکردنی ئەو ئافرەتانەیە کە تەندروستیان باش بێت و داراییەکی زۆریشیان هەبێت بۆ چارەسەرکردن بە شێوەی جۆراو جۆر٠
= = ۲ :ـ باشە مامەلەچی ئافرەتیشی نیە ، بۆ هێنانی پیاو ؟
= =۱ :ـ بەڵێ ، هەڵبەتە هەیەتی ، سەیری ئەو کچە بکە کە لە تەنیشت ئەو ملیۆنێرە مەکسیکیە پیرە دانیشتوە ٠
= = ۲ :ـ پارچەیەکی جوانە ٠
= = ۱ :ـ بەڵی راستە ، ئەوە لەمەوبەر ئەستێرەیەکی سینەمایی بوو ، کە وازی هێنا بوو بە ئەستێرەی نەخوشخانە هەروەکو دەیبینی ٠
( یەکێ لە ئەسکیموییەکان وە ژووردەکەوێ )

پیاوی ژماره ۲ :ـ ئەدی ئەوە کێ یە ؟
= = ۱ :ـ نایناسی ؟ ئەوە وێنەکیشی بەناوبانگە تاتیای ئاسکیمۆییە ، وێنەکێشێکی چاکی ئەو سەردەمەیە !
= = ۲ :ـ باشە ! ئەدی ئەو بەرگە چی یە لەبەری دا ؟ ...
= = ۱ :ـ ئەو کابرایە ئاسکیمۆییە ! بۆ دەتەوێ جلی رەسمی لەبەر کات ؟ ! سەرەرای ئەوەی مەسەلەیەکی ترهەیە ، ئەو کابرا پیرە دەبینی کە لەگەڵ ئەو خاوەن بیرە نەوتە ئەمەریکیە قسە دەکات ؟
= = ۲ :ـ ئەو سەر رووتاوەیە ؟
= = ۱ :ـ بەڵی ئەوە یەکێکە لە بازرگانەکانی تابلۆ ، وتاتیای ئاسکیمۆیی بە داهاتترین وێنەکێشی سەربە ئەوە .
= = ۲ :ـ یانی ئاوا ؟ !
= = ۱ :ـ ئەتو دیقەتێ لێ بکە لەوانەیە پیلانێك دابمەزرێنن .
( تاتیای ئاسکیمۆیی لەسەر زەوی دانیشت و خەڵکی لەدەوری کۆبوونەوە )
خاوەن بیرەنەوت :ـ ( رووی کردە بازرگانی تابلۆ کەلەتەکی وەسابوو )ئەو کابرایە بەو بەرگە سەیرەوە کێ یە ؟
بازرگانی تابلۆ :ـ گەورەم سەیرت پێ دێ ؟ نایناسی ؟ ئەوە لە سەرتاـ سەری ئەوروپا ....
خاوەنی بیرە نەوت :ـ نایناسم ... نایناسم ... بەلام بلێم چی ؟
بازرگانی تابلۆ :ـ قەت نابێ تۆ نەیناسی ، گومان لەوەدانیە ، نابێ تاتیای ئاسکیمۆیی نەناسی گەورەترین وێنەکێشی چەرخی بیستەمە .
خاوەن بیرەنەوت :ـ راستە ، راستە ، کەواتە وێنەدەکێشی ، تائێستا وێنەی کێی کێشاوە ؟
بازرگانی تابلۆ :ـ گەورەم ئێستا ژماردنیان درێژە دەکێشی ، بەلام

هەرچۆنی بێ باسی هەندێکیانت بۆ دەکەم ، وێنەی لـــــۆرد سیسلی بەقەڵەم گرافیك کێشاوە ، وێنەی ئەمیر ئارمانی بـــە رەنگی رۆن کێشاوە ،وێنەیەکی رۆنی بۆ کۆنتیسە ناتاشـــــا کێشاوە ، ئێستا وێنەی ملیاردێر دیکنزی لەبەر دەستە،وازی لێ هێناوەو تەواوی نەکردووە •

خاوەن بیرەنەوت :ـ سەیرە ، بۆ ؟

بازرگانی تابلۆ:ـ تاتیا خوێکی سەیری هەیە ، سەر کزناکات بـــە تەواوکردنی وێنەی هەموو کەس ، تا جارێکیان داوای جێــی - نیشینی پاشایەکی رەت کردەوە و وێنەی نەکێشا ، وەخت بوو شەرێکی گەورە لە مابەینی ئیمپراتۆری ئاسکیمۆ و رەچەڵەکی جێ نیشینەکە بقەومێ •

خاون بیرەنەوت :ـ ئایا ، ئیمپراتۆری ئاسکیمو ئیمپراتۆریـــــەکـــــی گەورەیە ؟

بازرگانی تابلۆ :ـ گەورەم تکات لێ دەکەم ، گالتەیان پێ دەکەیت ؟

خاوەنی بیرەنەوت ،ـ نەخێر ••• لای ئێمە لە ئەمریکا زۆر گرنگی بـــە جوگرافیا نادەن ، بەهەر حاڵ تاتیا وێنەکێشێکی بەناوبانگە! وێنەی ملیاردێر دیکنزی بە ناتەواوی بەجێ هێشـــــــتوە! زات چی یە ، رازیە بەوەی وێنەی من بکێشی یان نا ؟

بازرگانی تابلۆ :ـ بەخوا نازانم گەورەم •

خاوەنی بیرەنەوت :ـ تکایە ئەگەر پرسێکی پێ بکەی ، بریا ئەوەت بکر- دایە ، بۆ پارەش ئەوە قسەی پێ ناوێ ، چەندی بیەوی پێشەکی دەیدەمێ •

بازرگانی تابلۆ :ـ نازانم چی بڵێم ، ئەو مەسەلەیەی لەگەڵ باس دەکەم •

خاوەنی بیرەنەوت :ـ زووبە پێی بڵێ ، بریا زوو رات بپەراندبایە •

( بازرگانی تابلۆ لە بەینی تاتیاو خاوەنی بیرەنەوت دێ و دەچێ جولانەوەکانی وا پیشان دەدا لەگەڵ یەکەم رێکەوت )

پیاوی بەجلی ڕەسمی
ژمارە ١ :ـ کودەتایەکەت دیت ؟ چۆن کابرای خاوەن بیــــرە نەوت کەوتە ناو تەلە •
= = ٢ :ـ بەلام ئایا ڕاستە تاتیا وێنەی ئەو هەموو ناودارانەی کێشاوە ؟
= = ١ :ـ بەڵی ڕاستە ، بەدڵنیاییەوە ، هەڵبەتە چیرۆکـــــی ئیمپراتۆری ئاسکیموی بەرەڵلات بیستووە، بەلام لەو کاتەدا بەرەڵلایی هیچ ترسێك پەیدا ناکات ، وە ئاسکیمۆییەکـــان نەوت لەو بەرێزە ناکرن بۆیە ئەویش هیچ لەسەر ئاسکیمۆـ ییەکان نازانێ و شارەزایی لێ یان نیە •
= = ٢ :ـ سەیرکە ئەو کۆمەڵە ژنە لە دەوری ئەو گەنجە ، ئـــەوەش یەکێکە لە مامڵەت چیەکانی ولیامز ؟
= =١ :ـ نا ••• نا ••• ئەوە شاعیری بەناوبانگ دوگ جینە Dugcin
= =٢ :ـ ئەوە ؟ چەند بە ئارەزووی بینینی ئەو شاعیرەم هەر بـــەو زوانە لە ماوەی سێ مانگ بوو بە ملیونێر ، با خۆمان بخزـ ێنینە بەینیان •
( پیاوە بەجلی ڕەسمیەکە دەرون و ولیامز و پاولینا دێنــــە ژوور )
ولیامز :ـ چـــی قەوماوە ؟
پاولینا :ـ چوو چارەسەری مانگا زەردەکە بکات ، جگەلەوەی لە کاتێکی زۆر باش بەسەری ڕاگەیشتم •
ولیامز :ـ ئازیزم زۆرت لێ ڕازیم ، لە یادت ناکەم •
پاولینا :ـ خواو مەسیح لە ئێوەش ڕازی بن گەورەم !
ولیامز :ـ ئەو مەسەلەیە چارەکرا ، ئەوەی خەریکی کردووم ، ئەوکابـرا شیتە نەفرەت لیکراوە ، دانبەخۆی دادەگرێ و ئەو دوومـــا ـ نگەش تەواو دەکا ، چی بکەین ؟

پاولینا :ـ ئەوەیان مەحاڵە گەورەم ، ئەو مەسەلەیە بۆمن لێــــگــەڕێ
دەتوانم هەر ئەوشۆکە چاری بکەم ٠
ولیامز :ـ سوپاست دەکەم ٠
پاولینا :ـ سوپاس بۆمن نەهاتووە ، بۆ ئەوکەسەیە کە سروشم دەداتێ٠
ولیامز :ـ ئای لە بەرزی ڕەوشتت ٠
پاولینا :ـ ( لەبەرخۆیەوە ) سوپاست دەکەم ٠
( ولیامز و پاولینا دەچنە دەرەوە )
شاعیر :ـ ( بو ئەوانەی دەوروبەری ) هونەر بۆ هونەرەو شـــــیعریش
شتێکی خواکردە ( شووشەیەکی چکۆلە بۆیەکی لە ئافرەتەکانی
دەوروبەری رادەگری ) فەرموو ئێوە کۆکاییین ناخونەوە ؟
( ئافرەتەکە بە راوورەسم مژ لە کۆکایینەکە دەدات )
شاعیر :ـ لە مابەینی برگسون و فرۆید پردێکیان دروست کرد ، بـــۆ
ئەوەی لایەکی پردەکە خۆی لەسەر شانی نیتشە و لایەکەی تری
لەسەر شانی پول ڤالیری بگرێ ، لەسەر ئەو پردە دەمبینـــن
بویم بەدوو بەش بەشی خوارەوەم بوەتە کەڵێکی هارو بەشـــی
پێشەوەی سەرم لەسەر مرۆڤایەتیە ، وە بەشی دواوەم ناهوشیا-
رە ، دەڕۆم چارشێوێکی رەشم لەسەرشانەو ئەستێرەکان لـــە
بەینی دەستنم ٠
یەکێ لە ئافرەتەکان:ـ قسەکانت چەند بەرزن !
شاعیر :ـ هەر لەکۆنەوە رەوشتی منە ، هونەریش بۆ هونەرە ئـــەوەی
لە یاریەکانی بۆرسە تێ نەگا نابێتە شاعیر ٠
یەکێ لە ئافرەتەکان :ـ لەکۆڕی ئەو دواییەتان هیچ شاعیری تر هەیە؟
شاعیر :ـ باوەڕناکەم ، تەنها من نەبێ ئاهەنگێکی چای دوای هەفتەیە-
کی تر سازدەکەم ، کە بلیتی بە ٥٠ دۆلارە ، ئەوەش نرخێکـــی
کەم کراوەیە بۆ هاتنە ژوورەوە ، پێویستە مرۆڤ هەندێ جـــار
بە ویژدان بێ ٠

ئافرەتێکی تر :ـ ئای چەند کابرایەکی دەروون برە !
شاعیر :ـ بێ فیزی لەخۆ چوونەدەرە ، ئەوانەی بێ فیزن لەخۆیان دەر ــ
چوون ، من حەز لە بێ فیزی ناکەم ، راکەت راستە ، راستە
کاکاو ناخۆیتەوە ؟ ( ئافرەتەکە بە پێی راوورەسم دەخواتەوە )
ئەی ئەوئافرەتەی تەگەرەی پشتمی کوای لەکوێی ؟ دەبێ برپرەی
پشتم نەتوانی وەکو موگناتیز راتکێشی ؟( لیوەکانی ئافرەــ
تەکە ماچ دەکات و دەچنەدەرەوە )
( پسپۆرێکی نەخۆشی بسکلۆجی لەگەڵ دکتورێك دێتە ژوورەوە )
بسکلۆجی :ـ ئۆی ... بەخێربێی ... ئەی دکتۆری بەرێز !
دکتۆر :ـ سوپاس ... سوپاس... ئەی تاکە دکتۆری بسکلۆجیمان !
بسکلۆجی :ـ چی نوێ هەیە ؟ لەوێ چێ هەیە ؟
دکتۆر :ـ چی وانەبوو سەرنج رابکێشی ، تەنها ئەوەنەبی ماوەی یەك
هەفتەیە کێشەمان لەگەڵ نەخۆشیەکی سەیر هەیە ، پیرە
مێردێکی رۆژهەلاتی دەولەمەندی بەکێشە ...
بسکلۆجی :ـ لە رەچەڵەکی هیندی و لەو جۆرانەیە ؟
دکتۆر :ـ وەکو دیاردەکەوی کابرایەکی زۆر خۆرە ، بەشێوەیەکی سەیر
حەزی لە گۆشت دەکرد .
بسکلۆجی :ـ رۆژهەلاتیەکان زۆر حەز لە گۆشت دەکەن ، ئەوەش مەسەـ
لەیەکی بسکلۆجیە .
دکتور :ـ رووداوەکە لەوەوە بۆ پاڵە پەستۆی خوێنی نائاسایی بوو ، لە
بەرئەوە دەبوایە گۆشت خواردنی لی قەدەغە کرابوایە ، دکتۆـ
رەکانی وولاتەکەی خۆی ئەوەیان کردبوو ، ئەویش هەر
دکتۆریك گۆشتی لێ قەدەغە بکردبایە دەری دەکرد ، گۆشتی
گوێرەکەی دەخوابە گۆشتی بەرازی رازی نابی .
بسکلۆجی :ـ باشە ، پاڵە پەستۆی خوێنی چی لێ هات ؟
دکتۆر :ـ ئەو مەسەلەیە چاری دۆزرایەوە ، لەلایەك گۆشتمان دەدایە

، لەلایەکی تر خوێنمان لەلەشی دەردەکرد، تائێستا لە راگرتنی تەرازووی نەخۆشیەکەی سەرکەوتووین •

بسکلۆجی :ـ ئای ••• لەو رووداوە بسکلۆجیە سەیرە !

دکتۆر :ـ بەلێ ••• ولیامزیش هەروا دەڵێ ، بە تایبەتی ئەگەر توانیمان خەڵکی رازی کەین ، لەژیاندا بو ماوەی یەك مانگی تر رایانگرین ، ولیامز چیرۆکێکی بەتامتر دەدۆزیتەوە ، ئەو پیرەمێردە دەولەمەندەی کرداری خوێن دەرهێنانی بۆ دەکەین داوای پارەیەکی زۆرمان لێ کردووە •

( دەردەچنە دەرەوە ، شاعیرو پاولینا دێنە ژوورەوە )

پاولینا :ـ ئای شاعیری خۆشەویست ، چەند دڵخوشم بەوەی کە بەتەنیا تۆم وەگیرکەوت •

شاعیر :ـ فەرمانی بەرێزتانە !

پاولینا :ـ مەسەلە شتێکی بچووکە ، هەرچەندە کاتی خۆشی نیە،بەلام ••••

شاعیر :ـ پرسیار بکە تاوەلامی ئەولێوە ناسك وجوانانەت بدەمەوە••

پاولینا :ـ ئۆی••• ئەو باسەی کەرەنگە هەر لەبیرت کردبێ ، ئێستا دەمەوی لەشتێکی تر تێ بگەم ، دەزانی من پێش هەمووشتێ لەبەردەم هەموو کەس دان بەراستی دادەنێم •••

شاعیر :ـ بەلێ ئەوە دەزانم •••

پاولینا :ـ دەنگێك هەیە دەڵێن گۆیا لەمەوبەر لە ساختمانەکە لەگەڵ بەیتارە شیتەکەمان دالبانیزۆ دادەنیشتن •••

شاعیر :ـ کێ ؟ دالبانیزۆ ها••• بەڵێ بۆ ماوەیەکی زۆر هاوسێ بووین ، دەزانی کچێکی جوانی هەبوو ، ئای لەو کچە مەست کەرە بەردەوام نەخوشبوو••• !

پاولینا :ـ تەواو••• منیش دەمەویست هەر لەوبارەوە پرسیارت لێ بکەم ، دەنگوباسەکە دەڵێ لەبەینی تۆو کچی دالبانیزۆ

شیوە پەیوەندیەك هەبوو ...

شاعیر :ـ راستە، بەلام پەیوەندیەکی ئاسمانی ، لە خواوە ، ئەو رۆژا- ئەی نەزانیم ئەو کاتەی فرۆیدم باش نەدەناسی .

پاولینا :ـ باشە ، خۆ هێندەی بەسەردا تێ نەپەریوە تەنها چوار مانگ نەبێ ...

شاعیر :ـ چوار مانگ ؟ وا دەزانم چوار سەدەیە ...

پاولینا :ـ کات شتێکی رێژەیە ، هیچ گرنگ نیە ، بەلام سەیر ئەوەیە ئیوە ناتانەوی ئەو کچە جارێکی تر ببیننەوە ؟

شاعیر :ـ بەلام زور جار ویستوومە ...

پاولینا :ـ باشە ، ئەوەش ئێستا جێ بەجێ کردنی لەدەستی خۆت دایە ، دالبانیزۆ لەگەڵ کچەکەی لە نهۆمی ژێرەوە دەژین،سەرەرای ئەوەی ئێستا دکتۆر لەوێ نیە ، چویتە لای مانگا زەردەکە ئەوەش هەلکەوتە بۆ سەردانێکی کۆنە خۆشەویستەکەتان .

شاعیر :ـ لە نهۆمی ژێرەوە ؟ ئەوها .... ئەوها یانی هەر لە نهۆمی ژێرەوەن ، ئای لەو رایە بەرزە ، هەر ئێستا بو سەردانی کۆنە فریشتەکەم دەچم ، ( بە دەنگێکی بەرز بۆ دەوروبەری ) برا - دەران گوێ بدەنی ، ئێمە دەچینە سەردانی فریشتەی نەخۆش، کچی دالبانیزۆ لە نهۆمی ژیرەوە کێ بە دوامەوە دێ کێ هونەرو شیعری دەوی بەدوام کەوێ .

( شاعیر دەرواو کۆمەلێکی بە دواوەیە )

( ولیامز و پاولینا دێنە ژووری )

ولیامز :ـ چی روویداوە ؟

پاولینا :ـ وادیارە مەسەلەکە ئەو شۆ تەواو دەبێ ...

ولیامز :ـ سوپاست دەکەم ... تۆ زۆر بەرزی ... ناسکی ....

پاولینا :ـ پیش کەمێك شاعیر دوگ جین Dug cin ئەو قسەیەی ووت .

بەندی چوارەم

دیمەنی چوارەم

لەبابەت مەریەمەوە ، سۆزو هەست لەبابەت پلنگێك و پەیما-
ننامەی جێ بەجێ نەکراو .

دەرگای ژووری دووەم ، کچی دالبانیزۆ لەسەر چوارپایەك نووستوە ، دەنگی تانگۆی ئەرژەنتینی بەبین دێ و جارجار رادەبرێ ، دەنگی باران بارین ، لەپڕ دەرگا دەکرێتەوە ، شاعیر وەك سەرخۆشێك دێتە ژوورەوە .بۆ خەڵکەکەی لە دواوەی لەژن و پیاو ، لای پشتەوەی ژوورەکە زۆر تاریك و شێدار بوو .

شاعیر :- کورینە بێ دەنگ بن ، فریشتەکەم نووستوە ، بەسەری پەنجە بجولێنەوە ، بێ ئەوەی قسەبکەن ، پادشای دڵم نووستوە( لە کچەکە نزیك دەبێتەوە ) .

ئافرەتێك:- ئەوە هەوە ؟

ئافرەتێکی تر :- دەبەو خوایەی هیچ جوان نیە ...

ئافرەتی یەکەم:- دەڵێی مردووە ...

شاعیر :- بەڵێ ، هەروەکو مردوانە ، وەکو لاشەی مریەم هەتا هەتایە، لەهەناوما گۆرهەلکەنەکان بەریشی ئاگرینەوە دەستیان بەکار کرد.

ئافرەت و پیاوەکان:- ( بەدەنگێکی خنکاوەوە ) گورهەلکەن بە ریشی ئاگرینەوە ...

شاعیر :- سەیری لێوەکانی کەن ، سەیری ئەو گەنمەموانە کەن ، هەر دەڵێی زێراوە ، وەکو بەهێی کارەبایی دایپۆشیوە .

پیاوێك:- جوانیەکەی دەروون برە ...

پیاوێکی تر :- تا ئێستا شتی وام نەدیوە ، بەم پلەیە مرۆڤ بتوێنێتەوە

شاعیر :- بێ دەنگی ، سەیرکەن ، کچی هەتا هەتایی ، لەنەخەو

هەڵدەستی ، ئێستا هەڵدەستی ، کچێنی خۆی لەبەینی لێوە-
کانی خۆی بۆ لێوم دێنی •
ئافرەت وپیاو :- ( بە دەنگێکی خنکاوەوە ) چاوی هەڵدێنی •
شاعیر :- وەك لاماتی مەگۆلە خۆی لەبەر دەم منداڵێکی بودای تبتی
بۆ پرسیاکردن دوزیەوە ، بەکرنوش و سەرسورمانەوە سەیرکەن
من لێوەکانی ماچ دەکەم •
ئافرەت و پیاو :- ( بەدەنگێکی خنکاوەوە) لێوەکانی ماچ دەکات •
شاعیر :- وەك چون هەڵۆیەك بۆ بەرخۆلەیەك دادێتەوە ، وەکو بەفری
دەشت و کێو بۆی دەچەمێمەوە ، لیوەکانم لە لێوەکانی نزیك
دەبنەوە ••• و ••••
ئافرەت و پیاو :- ( بەدەنگێکی خنکاو ) •••• و ••••
شاعیر :- ماچی دەکەم ••••
( کچەکە ماچ دەکات )
ئافرەت و پیاو :- براڤـۆ مامۆستا ••••
کچەکە لە خەو هەڵدەستی ، سەیری شاعیر دەکات ، دەیناـ
سێتەوە ، سەیرێکی خەڵکەکەی دەورو پشتی دەکات ، لە پڕ
گریان بە کوڵ دەتەقێتەوە ، و دەموچاوی بەدەست دەگرێ •
شاعیر :- ئەوە چیە ؟ دەگری ؟ ئەی گیان ، گیانی من ، مەگری من
هاتومەتە وە لات •••• ئەوەی رزگاری کردی ، دوو لێوەکانی
من بوون ، لێوە زبرە ئەستورەکانم ، پڕ ئاگرەکان ••• ئەوە
چیە ؟ ••• دەگری ؟ مەگری تاکە کەسەکەم •••
ئافرەتێك :- ئای لەو قسە دەروون بڕانە •••
شاعیر :- مەگری •
( هەوڵ دەدات دەستی کچەکە بۆ رووی خۆی راکێشی )
کچەکە :- دەستم لێ نەدەیت ! •••
شاعیر :- دەستم نەداویتی گیانمان لێك ئالاوە •

کچەکە :ـ وازم لێ بێنە ...
شاعیر :ـ یاخی بوونت مێشکم لەسەر دەردەکات ...
کچەکە :ـ نەمێنی لێرە ... دەی ....
شاعیر :ـ ناتوانم ، نارۆم ، لێوەکانت بۆنی خۆشیان لێ دێ، تازە وەك مۆرێك مۆرکی پاریزگاری بە لێوەکانمەوە نا ، مەگری ئافرەتەکەم .
ئافرەت و پیاو :ـ ( بەدەنگێکی خنکاو ) مەگری ...
شاعیر :ـ فرمێسکەکانت شێتم دەکەن ، وەك سەگێکی هارم لێ هاتووە کاتی ئاوێکی روون دەبینی .( لەپر ئاوری لە خەڵکی دەوروبەری دایەوە ) برادەرینە ئاوازێکی تانگۆم بۆ لێدەن شووشەو کەلوپەلەکانی دالبانیزۆ لابەن و ئاوازەکە لێدەن .
( شووشەو کەلوپەلەکان لادەبەن و دەست بە لێدانی ئاوازی سەمای مەرگ دەکەن )
شاعیر :ـ (کچەکەی گرتوتە باوەش ) وەرە خۆشەویستەکەم ، ئافرەتەکەم وەرە ....
( بەهیز بەرزی دەکاتەوە )
ئافرەتێك :ـ خوایە ! ئای لەو شاعیرە گەورەیە !
پیاوێك :ـ ئەوەندە هەڵچووم وەختە بمرم ...
پیاوێکی تر :ـ تا ئێستا دیمەنی وا سەرسورهێنەرم نەدیوە ...
(شاعیر هەنگاوێك دوو هەنگاو دەنی و لەگەڵ خویا کچەکە رادەکێشی ، کچەکە لە باوەشی دادەمرێ بێ ئەوەی ئاگای لێبێ ، لە پڕ دالبانیزۆ لە دەرگاکراوەکە دێتە ژووری )
دالبانیزۆ :ـ ئەوە چی یە ؟
( ئاهەنگو تانگو راوەستا دالبانیزۆ بەسەرسورمانەوە راوەستاوە )
ئافرەتێك :ـ ئەدی ئەو پیاوە کێیە ؟

پیاوێك:ـ دالبانیزۆیە •••
ئافرەتێك:ـ دەڵێی شێتە •••
( دالبانیزۆ لە شاعیر نزیك دەبێتەوە و هاواردەكات )
دالبانیزۆ :ـ وازی لێ بێنە هەی بێ قیمەت •
شاعیر :ـ بەلام •••
( دالبانیزۆ بەرووی شاعیردا هەڵدەشاخی و كچەكەی لە باوەش بەردەبێتەوە ، سەیرێكی كچەكەی دەكات و بەرزی دەكاتەوە ، رووەو خەڵكەكە دەڕوات ، كە لەلای دەرگا راوەستاون و كچەكەشی لە باوەشە •
دالبانیزو :ـ لێرە نەمینن، دەی ••• كوری بەرازینە •••
( پاڵ بە یەكتریەوە دەنین ، داڵبانیزۆ كچەكەی لە سەر زەوی درێژ دەكات و خۆی بەسەردا شۆردەكاتەوە و گوێ لە لێدانی دڵی دەگرێ )
دالبانیزۆ :ـ كۆتایی هات ••• مرد••• تەواو بوو •
( هەڵدەستێتە پێوە ، بەدڵ پەستی و داماوی دەست بەسوڕان دەكات لە ناو ژوورەكە ، مێزەكە وەردەگێڕی و پەنجەرەكان دەكاتەوە ، كچەكەی لە كۆڵی دەكات و لە پەنجەرەوە رادەكات ( بێ دەنگی ) دەنگی تڕپەی باران ، ولیامزوپاولینا و شاعیر و حەشاماتەكە )
پاولینا :ـ بپشكنن •••
ولیامز :ـ هەموو شوێنێ •••
( دابەش دەبن ، بەس شاعیر و ولیامز و پاولینا دەمێننەوە)
پاولینا :ـ(بەرەو پەنجەرەكە دەچێ ) هەلات •••
شاعیر :ـ تەرمی كچە مردووەكەشی بەكۆڵەوەیە •••
پاولینا :ـ تو لە مردنی كچەكەی دلنیایت ؟
شاعیر :ـ( هەرلەوكاتەی دەنگی پێوەدانی پەنجەرەكەی گوێ لێ بوو ) بەڵێ •

پاولینا :ـ ( خاچەکەی لە بەرکی دەردێنی ) یان ( :بە نیشانە وێنەی خاچ دروست دەکات ) بۆ ئەوەی مەسیح لە گوناهی ببورێ •

کۆتایی بەشی دووەم

## بەشی سێ یەم

کەسەکان:

ــ دکتۆر دالبانیزۆ
ــ دز
ــ جامباز
ــ دەرگاوان
ــ سۆزانی
ــ فەرمانبەرانی ئاسایش ، پەروەردەکاری گیانلەبەران، جارچی سێرك ، کڵاون ، ریشدار ، ئافرەت ، پاڵەوان ، جەماوەر
ــ رۆژنامە نووسەکان
ــ رادیۆ

### بەندی یەکەم

### دیمەنی یەکەم

لەبابەت چوار تەلەفۆن و پەخشکەری رادیۆ ...

فرایمان:ـ (لەسەر تەلەفۆن) هەلۆ .

تەلەفۆنی ژمارە ٢ :ـ هەلۆ

= = ٣ :ـ هەلۆ

= = ٤ :ـ هەلۆ

فرایمان:ـ ئەم بەیانیە دالبانیزۆ بەرەڵلا کرا شتێکی زۆری لەسەر بنووسن .

تەلەفونی ژمارە ٢ :ـ (تەلەفۆنەکە دادەنێ و بەنووسەری چاپ دەڵێ) بنووسە ، دزی بەناوبانگ دالبانیزۆ بە پێی ئەو پەیمانەی کە لەگەڵ دەزگای ترۆست بە ستبووی نەچو لایەوە ، لەسەر ئەوە

دەزگای ناوبراو تووشی زیانێکی زۆر بووەو ، بەرلە هەشت مانگ لە دادگا بریاردرا کە لەباتی ئەوە دەبێ سەدهەزار دۆلار ببژێرێ و ماوەی شەش مانگ بەندبکرێ ، وەلە لای خوێنەران ئاشکرایە کە ئەو دزە سەکێشە نیۆ نەتەوەییە پارەکەی نەداو خرایە بەندیخانە ، جا ئیمرۆ دوای ئەوەی ماوەی بەندیەکەی کۆتایی هات و بەرەڵلا بوو ٠

رۆژنامەنووسی ژمارە٣ :- ( بە سکرتیرێ ووت ) دروندەی ترسناك لە قەفەسی ئاسنین دەرچوو ، دزی بەناوبانگ دالبانیزۆ بەرەڵلا بوو ، وە ئێستا لەناو ئێمە دەسورێتەوە ، بۆ ئەوەی دەستتان بەردەوام بە پارەو پوولتانەوە بێ جێگای خەزنەکانتان بگۆرن ! لەبەر ئەوەی تارمایی ترسێکی گەورە بە بەرەڵلابوونی ئەو کابرایە لە ناوماندا دەسوورێتەوە ٠

رۆژنامەنووسی ژمارە ٤ :- ( بەسکرتیرێ ووت ) بنووسە ! دالبانیزۆ لە بەندیخانە بەرەڵلابوو دوای ئەوەی شەش مانگی تەواو لە بەندیخانەبوو ، ئەو بێ قیمەتە ، نەفرەت لێکراوە٠٠٠و٠٠٠

رادیۆ :- هەلۆ٠٠٠هەلۆ٠٠٠ ئێرە رادیۆی دۆلاریانە ، ئەم بەیانیە دکتۆر دالبانیزۆ لە بەندیخانە دەرچوو ، دوای ئەوەی هەشت مانگ لە بەندیخانە بوو ، لەبەرواری ئەو رۆژەی کە لە لایەن دەزگای ترۆستەوە داوای لەسەر قەید کرابوو ٠

بەندی دووەم

دیمەنی دووەم

لە بابەت بەخت و ئەو دەنگانەی کەلە گوێچکەدەدەن٠٠٠

( باخچە ، شەو ، ئەو دزەی لەسەر سەکۆیەکی کوشینی نووستوە )

( لە دوورەوە دەنگی موسیقای تانگۆ دێ بە گیتار لێ دەدرێ )

سنیۆرینا ، ئەی خاوەنی دووچاوی رەش ، سنیۆرینا
لە چاوانت بەرببمەوەو بکەومە سەر پەڕەی گونات
لەبەر چاوانت گومم کە ، پەروانەیەك بخەسەر رووت
سنیۆرینا ئەی خاوەنی دوو چاوی رەش سنیۆرینا
خۆم باوێمە نێو باوەشت ئەی سنیۆرینا ؟
سنیۆرینا ، سنیۆرینا ، سنیۆرینا ؟

دالبانیزۆ :ـ (لەبەر خۆیەوە) سنیۆرینا ئەی خاوەنی دووچاوی رەش
لە چاوت ••• من ••• پەچەت••• ئەی سنیۆرینا

دەنگی کچێك:ـ لە دوور دوور / ئای لەو هەوا خۆشە ! سەیری ئاسمان
کە •••

دالبانیزۆ :ـ کچم دەتوانی بجولێیتەوە ، با گەرمی پێو لەژێر هەنگڵت
دانێم •••

دەنگی گیتار :ـ بمشارەوە، پەروانە لەسەر رووت دانێ •••

دەنگی کچێ لەدوورەوە :ـ گوێ بگرەبابە، ئەو ئاهەنگەی لە نهۆمـــــی
سەرێ گێردرا •••

دالبانیزۆ :ـ ماوەم نیە گوێ لە گۆرانی راگرم •

دەنگی گیتار :ـ سنیۆرینا ، ئەی خاوەنی دووچاوی رەش سنیۆرینا ••

دەنگی پیدرۆ لە دوورەوە :ـ ئای لەدەست تۆ مامۆستا ، بریا شتێکت
لە ئابووری سیاسی زانیبایە •

دالبانیزۆ :ـ پیدرۆ واز لەم تیوریە ووشکانە بێنە •••

دەنگی گیتار لە دوورەوە :ـ پەروانە لەسەر رووت لادە •••

دالبانیزۆ :ـ (لە شوێنی خۆی هەڵدەچێ )

دەنگی پاولینا :ـ بە ئەرکی خوم هەڵسام، ماددەی سێ یەم لە پەیمانەکە

دالبانیزۆ :ـ هێشتا هەرەشە دەکەی ، وەکو یەکی لە میکرۆبەکانی کوخ
( لە شوێنی خۆی دادەنیشی ) میکرۆبی کوخ ، دەرمانی دالبا-
نیزۆ کۆمەڵێ میکرۆبی کوخ لە ژێر پێمدایە ، باشە ئەوەکێ یە؟

هائەوە جەنەراڵێکی فەرەنساویە ؟ پیدرۆ رات چیە ؟ باشـە
ئەوا ناپلیۆنیشم ناسی خۆ هیچ لە ئابووری سیاسی نازانم٠
( لە پڕ لە شوێنی خۆی هەڵدەستیتە سەر پێ و رادەوەستی )
دەنگی پاولینا لە دوورەوە :ـ مەسیح لە گوناە دەبووریٚ ، منیش لە تـۆ دەبوورم ٠
( دالبانیزو دەکەوێتە سەر سەکۆیەك ، دزە نووستوەکە لـە خەو هەڵدەسـتی )
دزەکە :ـ ئەوە چیە هەر لەبەر خۆتەوە قسە دەکەی ؟ پیرەمێرد ! ئـەوە شێت بووی ؟ ئەو قسانەم لەگەڵ تۆیە ٠٠٠
دالبانیزۆ :ـ لەگەڵ منتە ؟
دزەکە :ـ خو قسەبەشەیتان نالێم ، ئەری وەڵلا لەگەڵ تۆمە ٠
دالبانیزۆ :ـ باشە دەڵێی چی ؟
دزەکە :ـ دەوجا وەرە لەو بەلایە ! تۆ لەو گێرەشێوێنیە لەگەڵ خۆتـدا هەر بەردەوامی ؟دالبانیزو :ـ من گێرەشیوینم ؟
دزەکە :ـ بەلێ تو ٠٠٠
دالبانیزۆ :ـ وا خەیاڵ دەکەم گوێم لە دەنگێکە ٠٠٠
دزەکە :ـ خەیاڵ دەکەی گوێت لە دەنگێکە ؟ گوێتبگرە ، ئەگەرنا عەرەبانەتەراکێشەو ٠٠٠٠ خەولە خەڵکی تێك مەدە ٠٠٠
دالبانیزۆ :ـ باشە ، وارێکەوتین ٠٠٠
دزەکە :ـ مامە پیرە خەفەت مەخۆ ، من حەسایمەوە ، قەیناکالەگـەڵ خۆت خەریك بە بە مەرجی دەنگت بەرزمەکەوە ،هەرلەژێرەوە بۆ ژێرەوە ٠٠٠
دالبانیزۆ :ـ ( بە دزەکە دەڵێ ) نووستی ؟
دزەکە :ـ ( رادەپەرێ ) ئەوە چیتە ٠٠٠ کوێری ؟
دالبانیزۆ :ـ قەیناکا ٠٠٠ فەرموو بخەوە ، والێت گەرام !
دزەکە :ـ بۆ تۆناخەویت ؟ ناتوانی بخەویت ؟

دالبانیزۆ :ـ دەمەوی بخەوم ، بەڵام ناتوانم ، خۆم تەواو لەبیر دەچێتەـ
وە ئەوسا دەنگەکان دەست بە لێدانی گوێچکەم دەکەن ٠٠٠

دزەکە :ـ باوکی خوم ، تۆ نەخۆشی ٠٠٠٠

دالبانیزۆ :ـ بەڵی من نەخۆشم ، ناتوانم بەسەر بسکلۆجی خۆمـــــدا
زاڵ بـم ٠، ئەوەش کارێکە من لێی تێ ناگەم ، بەڵام لە باری
فیزیۆلۆجیم خۆم بەرپرسیارم ، ئەوەش شتێکی ترە لەو بـــارە
هیچ سوود نادات ٠

دزەکە :ـ تۆ زۆرت تێ پەڕاند ، زۆر بەرز قسەدەکەیت ، من هیچ لــــەو
قسانەی تۆ تێ نەگەیشتم ، باوکی باوکم ، تۆبە خویندەواران
دەچی ٠

دالبانیزۆ :ـ زورم خوێندوتەوە : زۆر ، زۆر

دزەکە :ـ یانی بەقەد چەند ؟ چا خویندەواری بەکەلکی چی دێ ٠ مـــن
کە پیتی ئەلف دەبینم وا دەزانم دارێکی راستە ، بەلام سەیر
ئەو شەوە کە هەردوکمان لەیەك شوێن و پێکەوە ، دەبەینـــە
سەر ، باشە سوودی زانستیەکەی تۆ چیە ؟ مرۆڤ بەختـــی
هەبێ بەسە ، ئێمە سێ برادەر بووین دەستمان بەکار کـــرد٠

دالبانیزۆ :ـ چ کارێك ؟

دز :ـ کارێکی زۆر چاك ، دزینی سندوقی ئاسنی ، رێکەوتین لە ســەر
دزینی سندوقی ئاسنی ، تێ گەیشتی ؟ یەکەم جار لێماندا
لە کاتی دەرچوونمان تووشی پولیس بووین ، تەقەمان لەیەك
کرد ، ( جۆن ) گوللەیەك بە پشتی کەوت و مرد ٠ منیـــش
فەرمانی گرتنم دەرچوو ، دەساڵمان خوارد ، ســـێ یەممان
( شمیدت ) پارەکەی گرت تا سەری بەنەکەی کەوتە دەستـت ،
دوایی لە بەندیخانە زانیمەوە کەلەیەك دووکاری تـــری وەك
ئەمە سەرکەوتووەو بوەبەیەکی لە دەولەمەندەکان ، ئێســـتا
هوتێلێکی گەورەی هەیە ، و میوانەکانی لە کۆنت بچووکتـر

نین ، جا پیاو بەختی هەبیٚ ئاوایە ، بەلاٚم خویٚندن و نووسین
••• شتیٚکی هیچ و پوچە •••• قسەکەم ڕاست نیە ؟
دالبانیزۆ :ـ نازانم ، تۆ دەتوانی بخەویت چی ڕیٚگەی لیٚ گرتوویت ؟
بەلاٚم من ناتوانم بخەوم هەرچەندە زۆریشم خەودیٚ •
( تورِ تورەی پۆلیس لە دوورەوە دەنگی دیٚ )
دز :ـ ئای دەنگی تورِ تورەیە ، مامە گیان بروانامەیەکت پیٚ یە ؟
دالبانیزۆ :ـ بەلیٚ ، ئەوەتا •
دز :ـ ( بروانامەی دەرچوون لە بەندیخانە لە دالبانیزۆ وەردەگریٚ وسەیری دەکا ) ، ئەوە چیە ؟ خوهەرچەندە وەریشم گرت ، بەلاٚم بەوخوایەی سەد هەنگاویشم لی دووربیٚ دەزانم چیە ، هەر لە رەنگو شیوەی بروانامەی مالی خالتە • مانای وایە تۆ لەوی هاتویت ! چەندت لیٚ رابوارد ؟
دالبانیزۆ :ـ شەش مانگ •
دز :ـ بە تاوانی کوشتن ؟
دالبانیزۆ :ـ نەخیٚر •
دز :ـ رەنگت پیٚ ناچیٚ ، لەوانەیە بەدەستی بیٚ قیمەتیٚ خواردبیٚتت ، بە دلنیاییەوە ، وانیە ؟
دالبانیزو :ـ چۆن زانیت ؟
دز :ـ ئاشکرایە ، ئەریٚ تۆ دەتوانی بە کاریٚکی تر هەلبستیت ؟
( دەنگی تورِ تورەی پۆلیس نزیك تر دەبیٚتەوە )
دز :ـ تۆ سەیرکە ، باوکە گیان ، زووکە لیٚرەوە •••
دالبانیزۆ :ـ تیٚ ناگەم •••
دز :ـ یانی زووکە هەلیٚ ، لیٚرەوە بفرە •••
دالبانیزۆ :ـ بۆ چی ؟
دز :ـ هاتن ••• گویٚت لە تورتورەیان نیە ، من و تۆ و ئەوانەی وەك ئیٚمە بەو نیوەشەوە بە دلنیاییەوە دەمانگیٚرنەوە مالی خالمان ، باشە

تۆ نەریێتی دەربەدەریت نەخوێندوە ٠
دالبانیزۆ :ـ نەخێر نەمخوێندوە ٠
دز :ـ کەواتە ، هەی بەدبەخت چیت خوێندوە ؟
( دەنگی تورتورەکە زۆر نزیك دەبێتەوە )
دز :ـ دەی زووکە ، من ، وازم لی بێنە بە پەلە دەرپەری !
دالبانیزۆ :ـ ( بە دوای دزەکەوە لە دوورەوە ) بۆ کوێ بچم ؟
دز :ـ ( لەدوورەوە ) بو ئەو شوێنەی دەتەوێ ٠٠٠
( دالبانیزو وەستاوە ٠٠٠ پولیس دەگاتە ئەوێ )
پۆلیس:ـ لێرە چی دەکەی ؟
دالبانیزۆ :ـ هـیچ ٠
پۆلیس :ـ چ خزمت نیە ؟ کێ دەناسی ؟
دالبانیزۆ :ـ نەخێر ٠
پۆلیس :ـ لە کوێ دادەنیشی ؟
دالبانیزو :ـ مالم نیە ٠
پۆلیس:ـ کوا بروانامەت ، گەر پێ ناسەیەکت پێ بێ ؟
دالبانیزۆ :ـ بەڵێ ٠
پۆلیس:ـ کوا بێنە ؟
دالبانیزۆ:ـ فەرموو بگرە ٠
پولیس:ـ ( بە نامەکە دادەرۆنێ ) فەرموو لەگەڵمان وەرە ٠
دالبانیزۆ:ـ بۆ کوێ ٠

بەندی سێ یەم
دیمەنی سێ یەم
لە بابەت ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵەی نەهێشتنی دەربەدەری و
چاودێری کردنی هەژاران ٠
( بنکەی پۆلیس ، ئەفسەر ( ئافرەتە ) )

فەرمانبەر :ـ گەورەم بەو خوایە ئێوە دەزانن ، بەلام ئەگەر کارەکە بۆ من لێ گەڕێن ...
جامباز :ـ نا ... نا تۆ دلنیابە ، من کاری خۆم چاك دەزانم من ئەوە سێ مانگ دەبێ لە کۆمەڵەی نەهێشتنی دەربەدەری وچاوەدێری هەژاران ئەندامم ، زۆر ترین شت کە دیومە و گەیشتومەتە ئەو باوەڕە و لە بنچینەدا بروام پێی هەبووە ، ئەوەی لە کارێکا سوودی لی نەبینرێ مرۆڤ نیە ، نهێنی کێشەکەش لەوەدایە چونیەتی بەکارخستنی خەڵکی لەکاردا ، ئەگەر هەموو دەربەدەر و دزەکانیش نەخەینە سەر کار و دایان نەمەزرێنین ئەوا هەرگیز سەرکەوتن وەدەست نایەنین .
فەرمانبەر :ـ راستە بەلام ئەوانەی لە کۆلان کۆیان کردونەتەوە ناتوانین چاکیان بکەین تەنیا ئەگەر بە کاری زۆرخانە .
جامباز :ـ بەڵی رایەکەتان لە بابەت هەندێکیانەوە راستە دەبێ جێبەجێ بکرێ ، بێگومان پێویستی بە هێزی مرۆڤ هەیە ، بۆ ئەوەی بتوانین کاری گران ئەنجام بدەین ، بەلام هەندێکیان کاری سوکتریان پێ دەکەین ، هەروەکو لەمەوبەر پێم ووتی سێرکی دۆلاریان پێویستی بە هی وا هەیە ، سێرك خۆی پێویستی بە درندەترین گیاندار هەیە .
فەرمانبەر :ـ من هیچ پەیوەندیەکم لەمەوبەر بە سێرکەوە نەبوە ...
جامباز :ـ بەلام من بە پێچەوانەی تۆوە ، دوو مانگ لەمەوبەر دزێکی هەژار کە پیاوەکانی ئاسایشی دۆلاریانی یەك کەوتاند ، من ئەو ( ئەفەندیەم ) لە بنکەیەکی پۆلیس دەرکرد کە تازە چووبوە ژووری ، سێرکم پێ ئەسپارد ، دوای پازدە رۆژ کاکی هەژار لێمان هەڵگەڕایەوە ، ئێستا لە شوێنێکە با بیخوا تا دەمرێ ، لە لایەکی تریشەوە ژیانێکی بەرمەیدانە کە مرۆڤ پێ یان دەسپێرێ ، گەورەم ئەم دەزگایەی هەڵدەستی بە وەرگر-

تنی گیانداری کێوی هۆیەکی زۆر گرنگە بۆ بڕینی ڕێــــگەی
خراپکاری ٠
فەرمانبەر :ـ رەنگە ٠٠٠
جامباز :ـ بەهەر حاڵ ، بەرگوێم کەوتوە کە دزی بەناوبانگ دالبانیـــزۆ
لە دوای ئەوەی بەرەڵلا بوە ، لەلایەن یەکێ لە فەرمانبەرەکا-
نتان پێرێ ئیوەی شەو گیراوە ٠
فەرمانبەر :ـ بەڵێ ، ئەوە دوو رۆژە لای ئێمەیە ، پیرەمێردێکی هێمـن
و بێ دەنگە ، زۆر بەزەییم پیادێتەوە ، جگەلەوەی کە یەکێکە
لەوانەی بێ جێ و شوێن ٠
جامباز :ـ ئای بەدبەخت ، هەمووی خەتای خۆی بوو کە گەیشتوتە ئـەم
حاڵە ، گەورەم ئەوانەی زۆر دەخوێننەوە ، یـان دەبنە خاوەن
ماڵیکی زۆر و زەبەند یان دزێکی هەژار و دەربەدەریان لــێ
دەردەچی ، جا هەرچی چونێك بێ کۆمەڵەی نەیشتنی دەربە-
دەری و چاوەدێری هەژاران یارمەتی ئەو پیرەمیردە دەدات٠
فەرمانبەر :ـ بریا بۆ پەککەوتو خانەیەك یان بۆ شوینیکی تــریـــــان
بردبایە ٠
جامباز :ـ نا ئەوە مەحاڵە نابێ ، ئەوە راست نیە ، ئەوەوای لێ دەکات
خوورەوشتی بە یەکجاری تێکبچێ لە کاتێکا دەبێ پێـــــش
هەموو شتێك خوورەوشتیان چاك بکەین و راستیان بکەینەوە
، بە بروای من پەککەوتوخانە لە بنچینەدا شوێنێکی خراپە
والە خەڵکی دەکات ، لەسەر خواردن وبێ کاری ، لەســـەر
تەمبەلی رابێن ، سەرەرای ئەوەی ئێستا زۆریان چاویان بر-
یوەتە ئەوەی کاتی پیردەبن لە پەککەوتو خانەیەك دابنرێـن
، چونکە لەکاتی گەنجیەتیان هەربەدەربەدەری دەژین،ئەگەر
پیریان بو زامن بکرێ بەوشێوەیە گەنجەکان والێ دەکـــات
تەمبەڵ و تەوەزەل بن ، بەهەر حاڵ لێ گەرێ بالەسەر مەسە-

لەی دالبانیزۆ بدوێین ، کارێکی لەبارم بۆ لە سیرکی دۆلاریان دۆزیوەتەوە ، ئەو شوێنەی کەمێك پێش ئێستا بوم باس کردی ، خۆ ئەگەر دەست و پێی ساغ بن ، ئەوا هەر ئامادەیە •

فەرمانبەر :ـ وابزانم دانانی لەسەر کار زۆر لەبارنیە •••

جامباز:ـ لەبەر دەم ئێوە هەروا خۆی پیشان دەدات ••• سەرەرای ئەوەی ئەو کارەی لە سێرك بۆم دوزیوەتەوە گران نیە ، لە رۆژی ئەگەر یەك تا دوو سەعات بێ زۆریشە ، بەڵکو بانگتان بکردایە بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆم بیبەم •

فەرمانبەر :ـ لەبیرنەکەی تەواو کردنی ( معاملە ) کە پێویستە ••••

جامباز :ـ هەڵبەتە ••• من ئامادەم بۆ مورکردن لەسەر پەیماننامەو کاغەزی هەموو (معاملە )یەك •

فەرمانبەر :ـ دەوا رێکەوتین ، ئەوا بانگی دەکەین ( پەنجەلەسەر زەنگەکە دادەگرێ ) کابرایەك دێتە ژووری ، ( پێی دەڵێ ) دالبانیزۆ بینە ئێرە •

کابرا :ـ ئەو دزە پیرەکەی پێری شەو گیراوە ؟

فەرمانبەر :ـ بەڵێ •••

( بێ دەنگی ، فەرمانبەر و جامباز بە پەنجە لە مێزەکە دەدە ن )

( دالبانیزۆ لە پێش کابرایە دێنە ژووری )

فەرمانبەر :ـ وەرە پێش ، وەرە پێش [ سەیرکە ئەو بەرێزە کارێکی بۆ دۆزیویەتیەوە ، کارێکی باشە ، دەبێتە بارمتەشتان •

دالبانیزۆ :ـ ئەو ئەفەندیە کێ یە ؟

جامباز :ـ یەکێکە لە ئەندامانی کۆمەڵەی نەهێشتنی دەربەدەری و چاوەدێری کردنی هەژاران و هەڵدەستی بە گشت جۆرەکارێکی بازارداری •

دالبانیزۆ :ـ باشه ، باشه ! ئەی کارەکه چی یه ؟
فەرمانبەر :ـ لەیەکێ لە سێرکەکان کاردەکەی ....
دالبانیزو :ـ چ کارێکی دەکەم ؟
جامباز :ـ کارێکی سووکه ... دوو دڵی پێ ناوی ، گرنگ ئەوەیه تـۆ واز لە دەربەدەری دێنی ، ئەوەی لە تو داوادەکرێ ، ئەوەیه گوی رایەڵی سێرك بی ، دەزگای سێرکی دۆلاریـان وەك تروست نیه ، سەرەرای ئەوەی کۆمەڵەکەمان لەژێر پارێزگاـ ری خۆی دات دەمەزرێنی .
دالبانیزۆ :ـ باشه ، شەو لەکوێ دەخەوم ؟
جامباز :ـ لە سێرك .
دالبانیزۆ :ـ لە سێرك توانای کارکردنم نیه ، هەتا بگره بە بیرکردنەـ وەش بێ ، لە هیچ شت تاله دەرەوەی سێرك ، بچووك ترین تاقی کردنەوە ، ماددەی سێ یەمم دێتەوە بیر .
جامباز :ـ نا ، ئازیزەکەم ! تۆ لە دوای تەواو بوونی کاتی سـێرك ئازادی هەرچی بکەیت ،بە مەرجی لە ژێر پاریزگاری کۆمەـ لەماندابیت ، تێ گەیشتی ؟
دالبانیزۆ :ـ تێ گەیشتم و دەزانم ، بەلام ناتوانم بخەوم ، رەنگە ئەوە لە سێرك بتوانم .
جامباز :ـ دوای تەواوبوونی کارت لە سێرك ، دەتوانی هەرچەنـدی بتەوێ بخەوی .
دالبانیزۆ :ـ ناتوانم بخەوم ، دەنگەکان لە گوێم دەدەن !
جامباز :ـ لەوێ شتی وانابێ . خۆت گورج کەرەوە .
دالبانیزۆ :ـ ئامادەم .
جامباز :ـ کوا هیچ شتومەکت نیه ؟
فەرمانبەر :ـ نەخێر هیچی نیه .
جامباز :ـ کەواتە( معامله) کەی بێنن تا مۆری کەم .

( كاغەزەكان مۆر دەكات )

جامباز :ـ بەخواتان دەسپێرم ، دوایی دەتانبینمەوە ، لەوی كارێكی دیاری كراو هەیە پێویستی بە هەشت كەسی بە هێز دەبێ ، ....

فەرمانبەر :ـ بەخێرچی ( دالبانیزۆ ) لە دوای ئەو تەمەنە بەسە گوێ رایەڵ بە ...پیرەمێرد بۆچی لە فەرمانی گەورەكانت یاخی دەبی ، تازە هیچ لە دەست من نەما .

جامباز :ـ دەی ....

دالبانیزۆ :ـ بریا بمتوانیبایە لەوێ بخەوم ... بریا بمتوانیبایە ...

بەندی چوارەم

دیمەنی چوارەم

لەبابەت سەرئەنجامی فیلمی فریشتەی سەوز كە لەپڕ لەڕێگا ی جوراو جور گەیشت ، و لە بابەت سێركی دۆلاریان و لە بابەت دەرگاوانی بە كەیف لەبەرئەوەی دالبانیزۆ دەبینێ .

( پێشەكی شانۆی سێرك ، تەپڵ لێدان ، مۆسیقای ئۆركێسترا ، كڵاونەكان )

جاڕچی :ـ وەرنە ژووری ... زووكەن وەرنە ژووری ، وەرنە ژووری ، بەڕیزان خوشكو برایان ، فەرموون ، بەڕیزەكان فەرموون بۆ ژووری ، ئافرەتی ریش دار ، دریژترین كەس لە جیهان ، كورترین كەس لە جیهان ، ئەو پیاوەی گرانیەكەی ٥٠٠ كیلۆ دەبی ، یاری پڵنگەكان ، تیپی دلخوشكەران ، ئەمانە گشت ببینن وەرنە ژووری ، فەرموون ، وەرنە ژووری ....

( تەپڵ .... تیپ .... كڵاونەكان .... )

جاڕچی :ـ فەرموون خوشكوبرایان ، فەرموون ، ئەو مست وەشێنەببینن

که گاجووت به مست دەکوژێ ، ئەو پالەوانە ببینن کە هەشت نیشان یەك لەدوای یەك لە سەد مەتر دەئەنگێوێ ، پەیتوونی مەرگ ، ئافرەتی ریش دار ، ، گەورەی دزان ، دوو چاوی دکتۆر دالبانیزۆ ببینن (تەپل لێدەر کڵاونەکان) جارچی پەردە دەکاتەوە ، قەفەسی ئاسنینی ، یەکیان ئافرەتی ریش داری تیدایەو دووەمیان پالەوان وسییەمیان دکتۆر دالبانیزۆ ٠٠٠٠ )

جەماوەر بە پیشیان دا رەت دەبن و دەرگاوان و سۆزانی دێنە ژووری ، ( چاودیری سێرك قامچیەکی بەدەستەوەیە بە جلی رەسمی هات و چۆدەکات )

( دەرگاوان و سۆزانی لە پێش قەفەسی ئافرەتی ریش دار دەوەستن )٠

دەرگاوان :ـ سەیری کاری خوابکە ، رەنگە ئەو ئافرەتەی بە پەلەپەل دروست کردبێ ، تێکەلاوی لەمابەینی ریشی بۆزو مەمکی پڕ شیردا پەیداکردووە ، ئەگەر سەیرکردن بەس بۆ ئەو ئافرەتە بوایە مرۆڤ سووی لە پارەی بلیتەکە دەبووەوە٠

سۆزانی :ـ ئەری ئەو ریشە بەڕاستە ؟

دەرگاوان:ـ ئەوە نازانم ! لەوانەیە ، خۆدەبێ لەلاوەش بێ ، لە پێناوی بەستنی ریشی ئەو ئافرەتە ئامادەبووم ( ٢٠ ) سەنت بدەم ٠

سۆزانی :ـ وازبێنە ، تکات لێ دەکەم بابڕۆین ، چەند درێژە بکێشی دلم تێك دەچی ٠

( دەگەنە شوێنی پاڵەوان )

سۆزانی :ـ ئەو پیاوەت دیوە ؟ سەیرکە ٠٠٠ سەیری ماسولکەکانی کە!

دەرگاوان:ـ تۆ پێویستت بەیەکی ئەوهایە ، بەردەوام بە نهێنی کار دەکەی، هەرچۆنی بێ بە ئاشکرا ناتوانی کاربکەیت ، بەـ

لام ئەگەر ئەو کابرایە لەگەڵ خۆتدا بێنی ، ئەوە دەتوانی بێ ترس کاربکەیت ٠

سۆزانی :ـ بەخوا راستە ، ئامادەم پارەکەی چەندە لە باتی بـــدەم سەیری سینگی کە ٠٠٠

دەرگاوان :ـ ئەگەر پارەت وا زۆرە بۆ کرێی ژوورەکە لە کاتی خـــۆی نادەیت ؟ وەرە بابرۆین تا ئەو دالبانیزۆیە ببینیـــن، ئەوەیان راستیەکەیە ،من لە بنچینەدا بۆ بینینی ئـــەو هاتووم ٠

سۆزانی :ـ ئای ٠٠٠ ئای ٠٠٠ ئەوە خۆیەتی ٠٠

دەرگاوان :٠ رۆژباش مسیۆ دالبانیزۆ چۆنی ؟ چۆن لێرە حەسایتەوە؟ ئای لە کاری خوا ، لەوەش زیاترت بەسەر بێ ، لەوە زیاتر پیرنابی ، سویند دەخۆم ئێمە بەس بۆ بینینی تۆ هاتووین هەروەها ئافرەتە ریش دارەکەشمان بینی زۆر ســـەرنـجی رانەکێشاین ، پێمان بڵێ چی دەکەیت ؟ چ پرۆژەیەکـــت لەبەردەست دایە ؟ بەردەوام دەنگوباسی تۆم لە رۆژنامە ــ کان دەخوێندەوە ، شانازیم پێوەدەکردی ، کچەکەتان مــرد وانیە ؟ ئای لەو زەرەرە ، زۆرم سوو لێ بووەوە ، چەنـــد منداڵێکی روو خۆش بوو ٠

بەڵام پیدرۆ هیچی لێ نازانین ، دەی هەندی باســـی دەوری خۆتمان بۆ بکە ٠٠٠

سۆزانی :ـ وەڵام ناداتەوە ، لەوانەیە قسەکردنی ئەکتەرەکان لـــەگەڵ خەڵکی هەروەك شوفێری ترامـوابێ ، لەگەڵ خەڵکی قســـە نەکەن ٠

دەرگاوان:ـ خوشەویستم دکتۆرە ئازیزەکەم ، خۆ ئێمە بیگانەنین هەتا ئەگەر بشت بینین مەترسە ، خۆتو دەزانی کچی مســـتەر کلاینی مامۆستامان شوی بەیەکی لە کۆنتەکانی فەرەنساوی

کردوه ، ئەوەت نەبیستوه ؟

سۆزانی :ـ بەلاش خۆت ماندوو دەکەیت رووت ناداتی ٠

دەرگاوان:ـ رووم ناداتی ؟

سۆزانی :ـ هەتا بە تیلەی چاویش سەیرت ناکات ٠

دەرگاوان :ـ سەیرم ناکات مانای چیە ؟ یەك دۆلارم داوە بەس بـــــۆ بینینی ، ئێستا دەبینی چۆن سەیرم دەکات ٠٠٠٠

سۆزانی :ـ چیت پێ دەکرێ ؟ دەتوانی زۆری لێ بکەی تا سەیرت بکات؟

دەرگاوان:ـ ئەوە مانای چیە ؟ دکتۆر دالبانیزۆ گوێت لە دەنگم نیـە ؟ ناتەوی سەیرم بکەی ؟ لەوانەیە لەبیرت چووبی من لەخۆمەـ وە کابرایەکی کەللەرەقم ، جارێکیان لە لای میوانەکانـــت کەبە ماشین هاتبوون دەرت کردم ، بەلێ دەرت کردم ، بەلام ئەنجامی چی لێ هات ؟ برادەرایەتیمان لەگەڵ خـــــاوەن ماشینەکە دروست کرد و فرێم دایتە سەر جادە ،ئەوەش گرنگ نیە ، ئێستا سەیربکە چی روودەدات ،( بانگی چاودیـــری سێرك دەکات ) کاکی خاوەن قامچی ، ئەری کاکە ، کاکـــی قامچی بەدەست ٠

چاودێر :ـ فەرموو خوشکم ٠

دەرگاوان :ـ ئێوە کارمەندی ئێرەن ؟

چاودێر :ـ بەلێ خوشکم چ فەرمانێکتان هەیە ؟

دەرگاوان:ـ هەڵبەتە ، ئای لە خراپی رەوشتی ئەکتەرەکانتان ،دەمەوی سەیری دالبانیزۆ و خۆپیشاندانەکەی بکەم ، کەچی هــــــەر سەیریشم ناکات ، وەمن دۆلاریکم داوە بەس بۆ بینینی ئەو ، لە لایەك جارتان بە هەموو لایەك داداوە ، ٠٠٠لە لایەکی تر٠٠

چاودیر :ـ پیۆیست بە هەڵچوون ناکات ، خوشکم ! فەرموون ئێســـــتا چارەسەرێکتان بۆ دەدۆزمەوە ! ٠

دەرگاوان :ـ بەلێ ٠٠٠٠

چاودێر :ـ ( بەدالبانیزۆ ) هەڵسە !
دەرگاوان:ـ ( بەسۆزانی ووت ) بینیت ؟
چاودێر :ـ پیم ووتی هەڵسە !
دالبنیزۆ :ـ من زۆر ماندووم ، ناتوانم بخەوم ، نەخۆشم ، ناتوانم هەناسە بدەم !
چاودێر :ـ پیم ووتی هەڵسە پێوە !٠٠٠ سەیری ئەو دوو خوشکە بکە بۆ بینینت هاتوون !
دەرگاوان :ـ بەڵێ بۆ بینینت هاتووین ! ٠٠٠ دۆلارێکمان نرخی بلیت داوە ٠٠٠٠
چاودێر :ـ هەڵسە پێوە !
( دالبانیزو هەڵدەستێتە پێوە )
دەرگاوان :ـ جەنابی دکتۆر ئێستا تەندروستیتان چۆنە ؟
دالبانیزۆ:ـ ناتوانم بخەوم ، دەنگەکان لە گوێچکەم دەزرنگێنەوە ، ناتوانم هەناسەبدەم ٠٠٠٠
سۆزانی :ـ ئای دکتۆری هەژار ٠٠٠٠٠ !
دەرگاوان :ـ ئێ ، ئێ ئەوەیە سزای یاخی بوون نەفرەت لێ کردن ٠٠٠
( زەنگ لێ دەدات )
دەنگ:ـ ئێستا یاری دەست پێ دەکات ، زووکەن جێگای خۆتان بگرن ٠
سۆزانی :ـ پیشاندان دەستی پێ کرد، زووبە پێش ئەوەی جێمان بگیرێ٠
دەرگاوان:ـ بەخوات دەسپێرین ٠٠٠ مسیۆ دالبانیزۆ٠٠٠ هەموو رۆژی بۆ بینینت دیێم ٠
( دەچنە دەرەوە )
چاودێر :ـ ( بە ئافرەتی ریش دار و پالەوان ) دەی بۆ روڵەکانتان هەر ئێستا بڕۆنە ژووری خۆتان ئامادەکەن ٠٠٠( بە دالبانیزۆ ) تۆش کارت کۆتایی هات ٠٠٠ دەتوانی بچی بخەوی،ئاگادار بە گاڵتە بە میوان نەکەیت٠٠٠ دەنا ٠٠٠٠

دالبانیزۆ :ـ ناتوانم هەناسەبدەم ••• زۆر ماندووم ••• ناتوانم هەناسە بدەم •

دالبانیزۆ :ـ ( هەرلەبەرخۆیەوە ) ناتوانم هەناسە بدەم ، ناتوانم بخەوم ، گوێم لە دەنگە لە گوێمدا دەزرنگێنەوە ، ناتوانم هەناسە بدەم ••• کچم نەجولێی ؟••• دڵۆپی رۆژ لە خوێنت ، پیدرۆ واز لە ئابووری بێنە •••

( هەر شت لە دوای شت وەکو مێملّ سواری سەرو گوێلاکی دەبوون لە پێش قەفەسەکە دەکەوێ و دەمرێ )

## بەندی پێنجەم

## دیمەنی پێنجەم

لە بابەت کەللەسەری دالبانیزۆ وە ••••

( لە دەرگای نەخۆشخانەی توێ کردن )

پزیشك :ـ ئەری پارچەیەکی گەورەو باشتان لا دەست ناکەوێ ؟ بەلام نامەوێ وەك جاری پێشوو لێی تێ بکەوم •••

پاسەوان:ـ دکتۆر دوو دلّ مەبە •••

پزیشك:ـ پێویستم بە کەللە سەرێك هەیە ، تێ گەیشتی ؟ کەللەسەرێك جێگەی سەرسورمان بێ •

پاسەوان :ـ بەلام ناتوانم کەللەسەرەکەت بۆ لێ بکەمەوە •

پزیشك:ـ ئامادەم هەموو لاشەکەی ببەم ، برینی لە توێ خانە ئاسانە •

پاسەوان:ـ کەواتە فەرموو بۆ ژووری ، سەیری ئەوانەبکەکە هەن •••

( دەچنە ژووری ، لە دەرگای کراوە قاچی مەیتی دریژکراو دەبینن )

دەنگی پزیشك:ـ نا ، ئەوە باش نیە نێو چەوانی زۆر تەسکە •

= پاسەوان :ـ با شە بو ئەوە چی دەلێی ؟

= پزیشك :ـ بەکاری من نایەت ؟ نابینی چەند نارێك و خوارە ، •••

من پێویستم بە ئێسکی ساغ و پارچەی باش هەیە •
دەنگی پاسەوان :ـ کەواتە بابچین سەیری ژمارە(١٧) بکەین ••• لــــە
بیرتە ئەو دزە ••• دالبانیزۆ !
= پزیشك:ـ ئەرێ بەراست تەرمی ئەوتان لەلایە ؟
= پاسەوان :ـ دوێنێ هێنایان ، لە پڕ لە سێرك مردووە •••
= پزیشك:ـ باشە با سەیری تەرمەکەی بکەین ••• ئەوە ناتوانن ئـەو
کۆگایە رێکخەن ، زۆر پەرپووتە ، تابگرە دوکانی ووردە-
والە فرۆشەکان لە کۆگاکەتان رێکترە •
= پاسەوان :ـ چی بکەین ؟ کارەکە زۆرە ••• ئێرە ژمارە (١٧ ) یــە
سەیرکەن ! •
= پزیشك:ـ باشە ، باشە ، نێو چەوانێکی زۆر باشی هەیە ،ســەـ
لکێکی باشی هەیە سەیری ئەو رووە برۆڤیلیەکە ، زۆرچاکە
ئەوە کریم ••• نرخی چەندە ؟!
= پاسەوان :ـ سەد دۆلار •
= پزیشك:ـ نا ••• زورە ، چما چیە قوماشی هیندیە ؟ ٥٠ دۆلار•
= پاسەوان:ـ گالتەمان پێ دەکەی ؟ بەبێ گالتە دەزانی ئەوە باشتر-
ین کەللەسەرە •••
= پزیشك:ـ باشەبا ٥٥ بێ ، چۆنە ؟
= پاسەوان :ـ کەمێکی تر هەوراز وەرە ! دەی ! پارچەیەکی چاکـــە ،
لەوانەیە کابرایەکی زۆر بلیمەتیش بووبێ ، ••• کێ دەزانی؟
= پزیشك:ـ بەلام دەترسم بەبۆنەیەوە تووشی دەردەسەری ببم •
= پاسەوان :ـ گوێ مەدەیی پێویست بە دوودلی ناکات ، قەت کەسی
نەبووە، سەرە رای ئەوەی دەسەلاتداریەتی لەو رۆژانە چاو لـە
توێکارەکان دەپوشن •
= پزیشك:ـ لەو روژانە کارێکی تویکاری زۆر گرنگم لەبەر دەستە ••
= پاسەوان:ـ کەواتە ئەوە باشتریش ، هەرپێویست ناکا ماملەتـــــی

پارەش بکەیت ٠
دەنگی پزیشك:ـ راستە ٠٠٠ بەلام ٠٠٠٠
= پاسەوان :ـ دۆغریەکەی ، زۆر دەکێشی ، لەبەر خاتری تۆ چونکە کونی لەلامان ، بە ٧٠ دۆلار هەلّیگرە ، قەت (١٠)پاریش لەمە کەمتر نابێ ، ئەگەر نایکرن لێرە کۆلیجی پزیشکی دەیکرێ ٠
= پزیشك:ـ راستە ٠٠٠ بەلام تۆ هیچت لەوان دەست ناکەوێ ، هەتا بگرە بونی پارەش ناکەیت ٠
= پاسەوان :ـ دەقەیناکات هەر چۆنی بێ بێنە دەی شەست و پێنج دۆلار بدە ٠٠٠
= پزیشك:ـ رازیمە، ٠٠٠ ئامادەی کە٠٠٠ ماشینەکە لەو پیچەوەستاوە٠
= پاسەوان:ـ بالە دەرگای پشتەوە بیبەینە دەرەوە ٠
( دوای ماوەیەك دەنگی هۆرنی ماشێن دی )
( پیدرۆ بە راکردن دێ ، رووبەرووی پاسەوان دەبێتەوە )
پیدرۆ :ـ کاکە ٠٠٠ تۆ پاسەوانی ئەو کۆگایەیت ؟
پاسەوان:ـ بەلێ چیت دەوێ ؟
پیدرۆ :ـ تەرمی دکتۆر دالبانیزۆیان هێنایە ئێرە ؟
پاسەوان :ـ بەلّێ هێنایانە ئێرە ٠
پیدرۆ :ـ ئێستا لە ژوورەوەیە ؟
پاسەوان :ـ نەخێر ٠
پیدرو :ـ ئەیّ لەکوێ یە ؟
پاسەوان:ـ بەلاش پرسیار دەکەی ٠٠٠ زۆر دواکەوتی ٠
پیدرو :ـ ئەوە دەلّێی چی ؟ دکتۆر دالبانیزۆ لە کوێ یە ؟
پاسەوان :ـ ئێستا پێش کەمێك فرۆشتمان ٠

کــۆتـــایـــی

# فەرهەنگۆك

ئازمۆنگا : تاقی گا

تیژ : اطروحة

سۆزانی : ئافرەتی کە لەشی خۆی بفرۆشێ

ڕێسا : دەستوور

پەقرەج : سەتل

مەبزو : نەجوولێی

تاوێك : دەمێك

بریا : خۆزگە

هەنوان : هەیوان ، دالان

لەباتی : لەجیاتی ، لەبری

نهۆم: تەبەقەی خانوو

وەئەستۆی گرت: خستیە سەرشانی خۆی

سەخڵەتی : نارەحەتی

ئەنگاوتن : پێكان

هێورکەوە : ئارام کەوە

قریان بۆبێ: یەکیان لێ نەمینی

کەڵەگەت : بالابەرز

زراو : باریك

ئەوەهەوە : ئەوە خۆیەتی

بارمتە : کەفیل

هەوراز وەرە : سەرکەوە

پێشەکی ٥

* بەشی یەکەم
بەندی یەکەم ٧
بەندی دووەم ١١
بەندی سێ یەم ١٧
بەندی چوارەم ١٤
بەندی پێنجەم ٤٢

* بەشی دووەم
بەندی یەکەم ـ دیمەنی یەکەم ٤٤
بەندی دووەم ـ دیمەنی دووەم ٤٧
بەندی سێ یەم ـ دیمەنی سێ یەم ٥٣
بەندی چوارەم ـ دیمەنی چوارەم ٦٢

* بەشی سێ یەم
بەندی یەکەم ـ دیمەنی یەکەم ٦٧
بەندی دووەم ـ دیمەنی دووەم ٦٨
بەندی سێ یەم ـ دیمەنی سێ یەم ٧٣
بەندی چوارەم ـ دیمەنی چوارەم ٧٨
بەندی پێنجەم ـ دیمەنی پێنجەم ٨٣

سـەرنـج

بنکەی هەنگاو بە پێی باوەڕ بە ئازادی بڵاوکردنەوە خۆی بەبەختەوەر دەزانێت گشت بابەتی وەرگێـڕا و بۆ سەر زمانی کوردی لە چاپ بدات ، هەربۆیەش :-

آ - بەرپرسیار نیە لە ناوەرۆکی ئەو بابەتانەی لـە چاپیان دەدات •

ب - تەنها دەڕوانێتە شێوەی وەرگێڕان و بەپێـزی بابەتەکـە •

مافی لە چاپ دانەوەی پارێزراوە

PUBLISHER OF KURDISH CULTURE
بنکەی هەنگاو
بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری کوردی
HANGAW